سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست:

١- جێگۆڕکێی جوگرافی خزمەت بەرادیکال کردنەوەی بزاڤی سیاسی پارتەکان دەکات ............................ ٣

٢- ڕچانی هزری قاسملووی نەمر لە روانینی خالید عەزیزی ..................................................... ٧

٣- دەنگە جیاوازەکانی نێو پرۆسەی هەڵبژاردنی باشووری کوردستان ............................................ ٩

٤- هەڵسەنگاندنی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ ................................ ١٣

٥- شۆڕشی ئیسلامی بەستێنێک بۆ تیرۆر ............................................................................ ٢١

٦- هەفپەیڤین؛ بەبۆنەی ٨ی مارس .................................................................................. ٢٥

٧- وانەکانی شەهید دوکتور قاسملوو چرای ڕێگای تێکۆشانمانە ............................................... ٢٨

٨- پیلانێک بۆ کوژاندنەوەی وشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .......................................... ٣٢

٩- لە پەراوێزی هاتنی سەحراروودی بۆ هەرێمی کوردستان ........................................................ ٣٤

١٠- پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە بەردەم ئەزموونێکی نوێ دا .......................................................... ٣٦

١١- بەهاری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .......................................................................... ٣٨

١٢- بەرەو قۆناغێکی نوێی خەبات و تێکۆشان ......................................................................... ٣٩

١٣- کۆماری کوردستان مۆدێلێک بۆ هەموو سەردەمەکان ............................................................ ٤١

١٤- هێزی پێشمەرگە و دیفاعی چەکداریی ............................................................................ ٤٣

# جێگۆڕکێی جوگرافی خزمەت بەرادیکال کردنەوەی بزاڤی سیاسی پارتەکان دەکات

ئاماژە: جێگۆڕکێی جوگرافی بۆ پارت یان ڕێکخراوێکی سیاسی، زیاتر بەو مانایە دێتە گۆڕێ کەبەمەبەستی نزیکبوونەوە لە جەماوەر، دەبێ خۆی لە ژیانی ئاسایی، کەمپ نشینی دەرباز بکا و ئاراستەیەکی تر بە وزە و تواناییەکانی ببەخشێ.

بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەم چەمکە، وتوێژێکمان لە گەڵ "سامان فەقێ نەبی" سازداوە. سامان، ماستەری کیمیای لە تاران تەواو کردووەو وتەبێژی ڕەوتی ریفۆرمی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە بە توندی سوورە لەسەر ئەوەی کە پارتەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان دەبێ چالاکی و وزە و تواناییەکانیان خۆیان بگوازنەوە بۆ ناو جەماوەر و خۆیان لە کەمپ نشینی دەرباز بکەن.

**پرسیار**: جێگۆڕکێی جوگرافی لەپارتێکی سیاسیدا چ قازانجێکی هەیە؟

**وەڵام**: پێویستە بگوترێ کە جێگۆڕکێی جوگرافی مژارێکی گشتییە، بەڵام کاتێک کە بەمەسەلەی چالاکیی پارتێکی سیاسی لەخۆرهەڵاتی کوردستان گرێ بدرێ، ڕەنگێکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێ. پارتە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان هەنووکە تووشی قۆناغی قەیران هاتوونو پێویستیان بەخۆ نۆژەنکردنەوەو بوژانەوەیەکی سەر لەنوێ هەیە. یەکێک لەرێگاکانی دەرباز بوون لەم قەیرانگەلە دوورکەوتنەوەیە لەژیانی ئوردوگایی. تاراوگەو ژیانی کەمپ نشینی، دەریخستووە کە نەتەنیا هێزو پتانسیەلەکانی نەسڵی کۆنی بێ کەڵک کردووە، بەڵکوو نەوەی نوێشی تووشی بێ هیوایی کردووە، هەر بۆیە مەرجی سەرەکی ئەکتیڤ کردنەوەی خەباتی نەتەوایەتی لەخۆرهەڵاتی کوردستان، جێگۆڕکێی توانا مادیو ئینسانییەکانی پارتە سیاسییەکان لەتاراوگەوە بۆ سنوورەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانە.

**پرسیار**: جێگۆڕکێی جوگرافی بۆ خۆی دەتوانێ لەچەند ڕەهەندەوە لێکبدرێتەوە، یەکێک لەو ڕەهەندانە گواستنەوەی

***چالاکییەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی. بۆ وێنە گواستنەوەی چالاکییەکانی پارتێک لەتاراوگەوە بۆ ناوخۆ. ئەم بابەتە لەروانگەی ئێوەوە چۆناوچۆنە؟***

**وەڵام:** ئەمن دیسان ئەوپرسیارە بەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە گرێ دەدەم، پارتە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە کوردستان، تاکو ئێستاش دلسۆزانە درێژە بەچالاکی سیاسیو تەشکیلاتی خۆیان دەدەن، بەڵام کێشەکە لەمەدایە کە بەهۆی دوورکەوتنەوە لەجەماوەری خۆیان، نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەبەرەو پێشبردنی بزاڤی نەتەوەیی لەنێوخۆدا بنێن. رەنگدانەوەی خەباتو چالاکیی ئەم پارتانە تەنیا باشووری کوردستانو بەشێکی بچووک لەکۆمەڵانی خەڵک لە خۆرهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. مانەوە لەکەمپەکان بەدرێژایی چەند ساڵ، بەشی نیزامی ئەم پارتانە تووشی قەیرانی شوناس کردووە، لەحاڵی حازردا لەجیاتی ئەوەیکە شانازییەکانی رابردووی ئەم پارتانە بەتێکۆشانی ئەمرۆیان بەرز رابگیرێت، بەداخەوە دەبینین کە بۆشایی بەها شۆڕشگێرییەکان بەدەیان گرفتو تەنگەژەی فیکری، پێکهاتەییو سیاسی هێناوەتە سەر رێگایان. پچڕانی پەیوەندی ئۆرگانیکی ئەم پارتانە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان، هەڵەیەکی ستراتیژیکی ئەم حیزبانەیە کە جێگۆڕکێی جوغرافی دەتوانێ بەشێکی قەرەبوو بکاتەوە.

***پرسیار: گەر پارتێک لەو رووەوە هەنگاو هەڵبێنێ و چالاکییەکانی لەتاراوگەوە بگوازێتەوە بۆ ناوخۆ، تاچەندە دەتوانێ رادیکال بێ و لە پاسیفیەتیو کۆنسێرڤاتیڤ بوون رزگاربێ؟***

**وەڵام:** دەکرێ بڵێین کە چەمکی رادیکالیزم لەدوو بوارەوە پێویستە تاوتوێ بکرێ. بواری زەینیو بواری پراکتیکی (عینی). جێگۆڕکێی جوگرافی خزمەت بەرادیکال کردنەوەی بزاڤی سیاسی پارتەکان لەرووی پراکتیکییەوە دەکات، بەڵام مەرج نییە کە لەبواری زەینی شەوە، چەشنێک لەرادیکالیزم بەرهەم بێنێت. رادیکاڵ کردنەوەی بزاڤی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستان، پێویستی بەپرۆژەیەکی فراوانو هەمەلایەن هەیەو پێش لەهەموو شتێک دەبێ بەستێنێکی فیکری بۆ ئەم مەبەستە سازبدرێ و لەرێگای راگەیاندنەوە، ئیدارەی نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو جەهەتێکی رادیکاڵو رزگاریخوازانە کانالیزە بکرێ. هاوکات حوزوری فیزیکی خەباتکارانی ئەم پارتانە لەنێوخۆی وڵات لەبواری سایکۆلۆژییەوە چەشنێک لەهیوا بەخۆ بوون لەلای جەماوەر دروست دەکات. بەم چەشنە دەکرێ هەستو نەستی نەتەوەیی خەڵک بەرەو ئاراستەیەکی ئاگایانەو هۆشیارانە کاناڵیزە بکرێو دەرەتان بۆ

گۆڕانکاریی لەبوارەکانی تردا برەخسێ.

***پرسیار: کاریگەری جێگۆرکێ، لەتاراوگەوە بۆ ناوخۆ، لەسەر زیندوو کردنەوەی چەمکی شۆڕشگێرییەکان چییە؟***

***وەڵام:*** ڕژیمی داگیرکەری ئێران، ماوەیەکی درێژخایەنە کە لەستراتیژی خۆی لەبەرامبەر پارتە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، لەم لۆژیکە پەیڕەوی دەکات کە باشتر وایە ئەم پارتانە لەناو نەچن، بەڵکوو تابکرێ لاواز بکرێن و بەهەرچەشنێک بێ ئەم پارتانە بخرێنە ژێرچاودێریو کۆنترۆڵی زەینی و فیزیکی ئەمان. ئەم ستراتیژییەی ڕژیم لەدوای دابڕانی حیزبەکانی خۆرهەڵات لەچیاکان، بەشێوەیەکی سیستماتیک پەیڕەو کراوە و تاڕادەیەک سەرکەوتنی وەدەست هێناوەو بەڵگەی سەرەکیش بۆ ئەم ئیدعایە، گرفتار بوونی ئەم پارتانە لەگێژاوی لۆژیکی چاوەڕوانییە. ئەم لۆژیکە بۆتە هۆکاری سەرەکی دوورکەوتنەوەی ئەحزابی خۆرهەڵات لەچەمکو بەها شۆڕشگێڕییەکان. ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە کەدکتۆر "قاسملوو" بەردەوام نیگەرانیی خۆی لەم بارەوە دەردەبڕیو دووپاتی دەکردووە. بەڵام ئێستا بەهەر هۆیەک کە بووبێ ئەوە رووی داوەو ئێستا کە پێویستە پارتە سیاسییەکان خۆیان لەبازنەی تەسکی کەمپەکان ڕزگاربکەنو بەجێگۆڕکێی جوگرافیو گۆڕینی گوتاری سیاسییان، جارێکی تر ئاسۆیەکی روون بۆ جەماوەری کوردستان بخوڵقێنن. ئەزموونی بزاڤی شۆڕشگێڕانەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان نیشانی داوە کە تەنیا دەبێ متمانەمان بەچیاکانو خەڵکی لەخۆبوردووی خۆمان هەبێ.

***پرسیار: بەپێی ئەوەی ئێوە لەپارتێکی سیاسیدانو ناسراون بەرەوتی ریفۆرمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چ پرۆژەو بەرنامەیەکتان لەم پێناوەدا هەیە؟***

***وەڵام:*** ئێمە وەکو رەوتی ریفۆرم لەناوحیزبی دیمۆکراتی کوردستان، پێمان وایە شۆڕشگێڕ هیچ کات تەسلیمی وەزعی مەوجود نابێ، بەڵکو لەهەر دەرەتانێک کە بۆی برەخسێ، کەڵک وەردەگرێ کە شۆڕشی لە رکود و سستی دەرباز بکا.

لەپەیوەندی لەگەڵ جێگۆرکێی جوگرافی، ئێمە توانیومانە بەکەڵک وەرگرتن لەکەسانی شارەزاو پسپۆر لەنێوخۆی حزبو دەرەوەی حیزب، پلانێک لەچەند قۆناخەدا دابرێژین. لەم پلانەدا هەوڵ دراوە کە گشت لایەنەکان لەبەر

چاوبگیرێنو خاڵە نێگەتیڤەکانی ئەم جێگۆڕکێیە کەم بکرێنەوە.

ئەوەی راستیی بێت، تاکو ئێستا لەنێو حیزبی دیموکراتدا، رەوتی ریفۆرم، زیاتر تەرکیزی کردۆتە سەرپێویستی جێگۆڕکێی جوگرافی. ژیانی ئوردووگایی بەداخەوە توانیویەتی، کارتێکەری نێگەتیڤ لەسەر بەشێک لەهاورێیانی حیزبی دانێو تاڕادەیەک لەبەها شۆڕشگێڕییەکان دووریان بخاتەوە. ئێمە بەردەوام وەبیر هاورێیانمان دێنینەوە کە سەربەخۆیی بڕیاردان میراتێکی پڕبایەخی دکتۆر قاسملووی نەمرەو پێویستە ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر لەبەرچاوی بگرین، جێگۆڕکێی جوگرافیش ئەگەر بەقازانجی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەشکێتەوە، باخۆمان سەربەخۆ بڕیار بدەین کە هەنگاوی بۆ هەڵبێنینەوەو لەمپەرەکانی سەر ڕێگای ئەم کارە پاشگەزمان نەکاتەوە.

هەروەها پێویستە بگوترێ کە پەروەردەی نیزامی هێزی پێشمەرگە لەنزیک سنوورو بەدوور لەجازەبەکانی شار، هێزێکی تۆکمەو رێکو پێکی لێ دەکەوێتەوە کە لەئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لەناوچەدا، دەتوانێ بەزووترین کات کۆنترۆڵی وەزعەکە لەدەست خۆی بگرێ و پێش بەئاژاوە ئاڵۆزی لەنێوخۆی وڵاتدا بگرێ.

***پرسیار: ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم بەرنامانەتان چیینو بە چ مکانیزمێک بەرەورووویان دەبنەوە؟***

***وەڵام:*** ئاستەنگی سەرەکییمان، تێگەیشتنی هەڵەی بەشێک لەهاورێیانی حیزبییە. ئێمە زۆرجار دووپاتی دەکەینەوە کە جێگۆڕکێی جوگرافی، یەکێک لەمەرجەکانی گۆڕانکاریو نوێ بوونەوەیە. مەبەست لەجێگۆڕکێش، دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری نییە. رەوتی ریفۆرم پێشنیاری ئەمە ناکا کە شەڕی چەکداری لەخۆرهەڵاتی کوردستان بێتەئاراوە، بەڵکوو بەرنامەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە چالاکییەکانمان لەکەمپەکان رابگوازینەوە بۆ نێوخۆی کوردستان. بێ گومان لەپرۆسەیەکی بەم شێوەیەدا، دیفاعی چەکدارانە لەبەرامبەر هێرشی رژێم بەمافی ئینسانی خۆمان دەزانین. گرتنی ئاهەنگی خۆشیو فێستیڤاڵو... لەنێو کەمپەکانی باشووری کوردستان، یارمەتییەکی ئەوتۆ بەرزگاری نیشتمانێکی داگیرکراوو رزگارکردنی نەتەوەیەکی ژێردەستە ناگەیێنێ. چالاکییەکانی ئێمە پێویستە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بوونی هەبێ لەحاڵەتێکی وەهادا، دیفاعی چەکداری ئێمە رەمزی مانەوەمان بۆ ئەنجام دانی چالاکی سیاسی دەژمێردرێ.

ئێمە ئەم دیفاعە چەکدارییە، لەچوارچێوەی شەڕێکی عادیلانە لەپێناو پێشگیری لەشکانی ئیرادەی نەتەوەیی پێناسە دەکەین.

هەروەها ئێستا ئیتر پێویستە ئاخێوی نەتەوەیی گشتگیر بکرێ و خەباتی نەتەوایەتی بگوازرێتەوە بۆ پارێزگاکانی ئیلام‌و کرماشان. روون‌و ئاشکرایە کە ئەم ئەرکە مێژووییە لە تاراوگەو لەنێو کەمپە تۆزوخۆڵاوییەکانی باشووری کوردستان جێبەجێ ناکرێ‌و بەئاکام ناگات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رخنە و دیالۆگ - ڕێکەوتی: ١ی جانیۆیری ٢٠٠٨

---

## ڕچانی هزری قاسملووی نەمر لە روانینی خالید عەزیزی

بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێک دا لە گەڵ رۆژنامەی "رووداو" هێندێک مژاری سەرنج راکێشی راشکاوانە هێناوەتە بەر باس کە شایانی هەڵسەنگاندنێکی ورد بینانەیە. عەزیزی لەو وتووێژدا سیاسەت نەک وەک فەلسەفەیەکی ئارمانج خوازانە، بەڵکوو وەکوو تێکۆشانێکی ئامانجدار بە لەبەر چاو گرتنی واقیعیی هاوکێشەکان سەیر دەکا و دەریدەخا کە وەکوو سیاسەتمەدارێکی سەردەم قۆناغی یۆتۆپیایی تێپەڕاندووە لە گۆشەنیگایەکی پراگماتیستیی‌یەوە دەروانێتە چەمکی سیاسەت.

ناوبراو هاوشێوەی رێبەری شەهید دوکتور عبدالرەحمان قاسملوو بە لەبەر چاو گرتنی وەزن و پێگەی کورد لە ئێراندا و ئیمکانات و دەرفەتەکانی بەردەستی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو راستییە دێنێتە بەر باس کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان وێرای پابەند بوون بە بەها و ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، حازرین کە تەنانەت لە سەر لانی‌کەمی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بکەوینە دیالۆگ و دانوستان.

ڕەنگە هەزمی ئەو بۆ چوونە ڕیئالیستییە بۆ هێندێک لە سیاسەتزانانی پۆپۆلیست یان وەهمگەرا شتێکی ئاسان نەبێ، هەروەک چۆن کاتی خۆی شەهید دوکتور قاسملووش بە هۆی ئەو چەشنە ڕوانگە ئۆسوولییەوە زۆر جار دەکەوتە بەر هێرش و ئاژیتاسیۆنی نالۆژیکی نەیارانی ئەو جۆرە ڕوانینە.

قاسملووی نەمر زۆر بە ڕوونی پێداگریی لە سەر ئەوە کردوە کە گۆڕپانی ئەسلیی چالاکیی ئەندامانی دێموکرات نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرەتانی حوزوور و چالاکیی ئاشکرا بۆ حیزبی دێموکرات بڕەخسێنێ، حازرین کە لە "حداقل"ی مافەکانمانەوە دەست پێبکەین. قاسملووی نەمر شەریشی لە پێناو داسەپاندنی ئەو کەشە بەسەر ڕێژیمدا تەفسیر دەکرد. جێگای سەرنجە کە لە ژێر ڕووناکایی ئەو ڕوانگە واقع بینانەیەدایە کە لە وتوویژ لە گەڵ "حاج شیخ حسین کرمانی" نوێنەری ئەو کاتی خومەینی لە ڕۆژئاوای وڵات دەڵێ: "لەو ٦ مادەیەی کە ئێمە داوا کاریین، ئێوە ٣ داوای ئەوەڵیان ڕەش بکەنەوە، لەو سێیەی دیکە یەکێکیان ئێستا بدەن، و دووانەکەی تریش وەعدەمان پێبدەن بەڵام مەماندەنێ".(گۆڤاری چشم انداز ایران - ویژەنامەی شمارە ٢)

ئەمڕۆکەش پاش ٣٠ ساڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمان ئەو ڕوانگە ڕێئالیستی‌یەی شەهید دوکتور قاسملووی هێناوتە بەرباس، کەچی شەپۆلێک لە ڕەخنەی سیاسەتزانە وەهمگەراکان ڕووبەرووی بۆتەوە. بەڕێز عەزیزی لە چەشنی کەسانێک نیە کە لە تاراوگەدا تەنیا لە چوارچێوەی وشەی ڕەنگاورەنگ بەڵێنی ڕزگاریی و گەیشتن بە "مدینەی فاچلە" بە خەڵکی بندەست و چەوساوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدا، بەڵکوو هەوڵی ئەوە دەدا کە ئەگەر مەجالێک لە نێو خۆی وڵاتدا بوونی هەبێ، کەڵکی لێوەرگرێ. نەک هەموو دەرفەتێک بکوژێ لە پێناو ئارمانجێکی کورتکراوە لە چوارچێوەی شووعاردا. ناوبراو هەوڵی ئەوە دەدا کە لە کلتووری ئۆپۆرتۆنیستی باو لە نێو ڕێبەرانی سیاسیدا خۆی ببوێرێ و تێدەکۆشێ لە جیاتی ئەوەی کە وەک ڕێبەرێکی پۆپۆلیست دروشمی قەبە هەڵبگرێ، وەکوو سیاسەتمەدارێکی ئەخلاق گەرا کە پارسەنگی هێزەکانی هەڵسەنگادووە مامەڵە لە گەڵ چەمکی سیاسەت و خەبات بکا.

نابراو تاکوو ئێستاش سەلماندوویەتی کە کەسایەتییەکی ڕەخنە هەڵگرە و بە شێوەیەکی ڕەهاش ناڕوانێتە هزر و ڕوانینەکانی، هەر بۆیە بێ گۆمان ئەگەر لەو هەڵسەنگاندنەیدا هەڵەیەکیش بکەوێتە بەر چاو، ئەو شەهامەتە

ئەخلاقییەی هەیە کە پێداچوونەوەی بە سەردا بکا، بەڵام ئەوەیکە روونە بریتییە لەوە کە ئەو روانین و هەڵسەنگاندنەی کە ناوبراو لە چەمکی سیاسەتدا هەیەتی، میکانیزمێکە کە چارەسەری کێشەی کورد تەنیا لە چوار چێوەی وەها روانگەیکدا دێتە دی.

لە قامووسی سیاسی ئەو سەردەمەدا لە مێژ ساڵە کە دوگم گەرایی بە بیانووی لانەدان لە شووعارە وەهمی‌یەکان وەک خەسڵەتێکی دۆڕاو لە قەڵەم دراوە و کەسانێک کە لە چوارچێوەی ئەو بازنەیەدا قەتیس دەمێننەوە، تەنیا و تەنیا لە ئاستی پڕپاگەندای بێ ئاکامدا دەتوانن بەشداریی کایەی سیاسەت بن، کایەیەک کە هیچکات بە قازانجی بەرژەوەندیی نەتەوەیی تەواو نابێت. خالید عەزیزی درێژەدەری رێبازیی بەجێماو لە قاسملووی نەمرە کە لە هونەری موومکین بە قازانجی بەرژەوەندییە نەتەوایەتی‌یەکان کەڵک وەردەگرێ، نەک بۆ مەبەستی یۆتۆپیایی و فانتازیایی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

## دەنگە جیاوازەکانی نێو پرۆسەی هەڵبژاردنی باشووری کوردستان

لە هەر وڵاتێکدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوەدەچێ ئەمە هەرگیز وەکوو تەنیا مەرجی دێموکراتیک لە قەڵەمدانی کەشی سیاسیی ئەو وڵاتە لێک نادرێتەوە. زۆرجار هەیە کە هەڵبژاردن لە لایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتێکەوە وەکوو دەمامک بە کار هێندراوە تاکوو رووی نادێموکراتیکی دەسەڵات بشاردرێتەوەو لە رێگەی هەڵبژاردنێکی غەیرە ئازادەوە مەشرووعییەتێکی درۆیین بە سیستێمو دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک بدرێ.

لە ماوەی رابردوودا پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، پرۆسەیەک کە لە لایەک بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دواکەوتووی عەرەبی و ئێرانو... دەکرێ بە هەڵبژاردنێکی ئازاد (بە شێوەیەکی رێژەیی) و پاقژ (بە شێوەیەکی رێژەیی) ئەژمار بکرێ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دێموکراتیکی رۆژئاوایی

و یان تەنانەت وڵاتێکی وەک ئیسرائیل لە ناوچەدا دەکرێ بە پرۆسەیەکی تارادەیەک عەیب دار لە قەڵەم بدرێ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە کە کلتووری دیموکراتیکو دامەزراوە دیموکراتیکەکان لەم هەرێمەدا تاکو ئێستاش لە ئاستی پێویست دا گەشەیان نەکردووە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە دەکرێ ئەم پرۆسەیە بە سەرەتاو نموونەیەکی نوێ لە ناوچەدا بێنینە ئەژمار کە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە پێگەی کورد لە نێو بیرورای گشتی جیهاندا بەهێزتر بێو ناوەندە سیاسیو میدیاییەکانی رۆژئاوا هان بدا کە پتر گرینگی بە کێشەی کورد لە ناوچەدا بدەنو وەکوو نەتەوەیەک کە خاوەن ئیرادەو پتانسیلێکی بەهێز بۆ گەشەو بەرەوپێش چوونی پرۆسەی دیموکراتیزە بوونی رۆژهەڵاتی ناڤینە (عێراق بە تایبەتی) نرخاندنو راڤەی لەسەر بکەن.

ئەگەر بمانهەوێ هەڵوێستە لەسەر کەشی سیاسیو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی سەرەکی بکەین:

لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تاکو ئێستا سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک کۆسپو تەگەرەی نێوخۆو دەرەکی، رەوتی دیموکراتیزە بوون لە باشووری کوردستان تا ئاستێکی مامناوەندی پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە. لەم هەرێمەدا ئازادیی رۆژنامەگەریو مافی دامەزراندنی پارتو رێکخراوی سیاسی بوونی هەیە، بەڵام بە هۆی تێکئالانی دامودەزگای دەوڵەتیو حیزبی، بەشێکی دیکە لە پێش مەرجەکانی پێوەندیدار بە گەشەی رەوتی دیموکراتیزەبوونی هەرێمی کوردستان بە واتای راستەقینە نەهاتوونەتە ئاراوە.

دەگوترێ کە شۆڕشگێڕێکی راستەقینە ناتوانێ لە داهاتوودا بەڕێوەبەرێکی کارامەو سەرکەوتووی وڵات بێ. ئەزموونی تاڵی دەسەڵاتداریی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پاش سەرکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە، تارادەیەک دروستیی ئەم بۆچوونە دەسەڵمێنێ. لە باشووری کوردستان ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، روونە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بەشێکی لە دەست کەسانێک دایە کە خاوەن هیچ جۆرە پسپۆرییەک لەو بارەدا نینو لە شوێن کەسانی تێکنۆکرات، خەڵکانێک کە رابردووی شۆڕشو خەباتی شاخیان هەیە ئەم ئەرکانە هەڵدەسووڕێنن. هەر بەو پێیەش حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆکەی باشووری کوردستان قەوارەی دەسەڵاتو میکانیزمی بەڕێوەبردنی حیزبیان گۆاستۆتەوە بۆ دامەزراوە دەوڵەتییەکان، کە ئەمەش کۆمەڵێک دیاردەی نێگەتیڤی لێکەوتۆتەوەو بەستێنێکی لەباری بۆ تەریک کەوتنەوەو نامۆیی لە نێوان رووناکبیرانو بژاردەی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کوردی پێک هێناوە. بێگومان

لەووەها فەزایەکدایە کە بەرەبەرە بوار بۆ سەرهەڵدانی بزاڤگەلێکی رەخنەگرو ئۆپۆزیسیۆن خۆش دەبێو ئەمڕۆکە دەبینین کە ململانێیەکی توند لە نێوان لایەنە ئۆپۆزیسیونەکانو دوو پارتی دەسەڵاتداریی باشووری کوردستان هاتۆتە ئاراوە.

لەم ساڵانەی دواییدا دوو لایەن بەرەبەرە هەوڵیان داوە کە قامک لەسەر کەموکوڕییەکانی رەوتی دیموکراتیزە بوونی هەرێمی کوردستان دابنێنو وەبالی وەدیی نەهاتنی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بخەنە ئەستۆی دوو حیزبی سەرەکیی گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمەوە. ئەم دوو لایەنە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە جۆرو شێوازی حیزبایەتی کە لە لایەن pdk و ynk بەڕێوە دەچێ، مۆدێلێکی ناکارایەو لەژێر سێبەری ئەم جۆرە حیزبایەتییە هەرێمی کوردستان تاکوو ئێستا دەسەڵاتێکی سەرکەوتووی تاقی نەکردۆتەوە. بەڕای ئەم لایەنانە پێکهاتەو ئەرکەکانی دەوڵەت تارادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی پێکهاتەو بەرژەوەندی پارتە دەسەڵاتدارەکانەو کۆپی کردنی مۆدێلی حیزبایەتی بۆ نێو دامودەزگا دەوڵەتییەکان بۆتە هۆکارێکی سەرەکی کە ئەسلی بنچینەیی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسا ببێتە قوربانی بەرژەوەندیو ستراکتۆری دەسەڵات لەم حیزبانەدا.

***ئەو دوو لایەنە کە دەخوازن ئەم کەمو کورییانە بقۆزنەوەو لە دەرەتانێکی وەهادا وەکوو ئۆپۆزیسیون دەرکەون بریتین لە:***

***١- پارتە ئیسلامییەکان:***

لایەنە میانەرەوە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان پاش جیاکردنەوەی رێبازی خۆیان لەگەڵ رەوتە رادیکاڵو بنئاژۆخوازەکانی ئەم هەرێمە، لەو ساڵانەی دواییدا لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە لە هۆکارگەلێک وەک بەرین بوونەوەی جیاوازیی چینایەتیو نەبوونی خزمەتگوزاریی لە ئاستی چاوەڕوانکراو دا وەکوو ئیمتیازو پوانێک لە پێناوی کۆکردنەوەو موبیلیزە کردنی نارەزایەتیی توێژە هەژارو کەم داهاتەکانی کۆمەڵگە کەڵک وەرگرنو لەم هەڵبژاردنەشدا بە دروست کردنی هاوپەیمانی لەگەڵ دوو پارتی لائیک بێنە نێو گەمەی هەڵبژاردنەوە. بەو پێیەش توانیان بەشێک لە دەنگە نارازییەکانی خەڵک بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانو گەشەی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی موسلماندا بریتییە لە ناکارامەیی دەسەڵاتی سیاسیو بەڕێوەبەری لەم وڵاتانەدا کە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی رادەی هەژاریو بێهیوایی لە نێو جەماوەری ئەم وڵاتانەو هاتنە ئارای کەشێکی گونجاو بۆ بەسیجی خەڵکی نارازیی لە لایەن رەوتە ئیسلامییەکانەوە، کە هەرێمی کوردستانیش لەم قاعیدە بەدەر نیە.

### ٢- لایەنە گۆڕان خوازەکان:

لە دوای بەرز بوونەوەی ئاستی ناکۆکییەکانی نێو ynk و هاتنە دەرەوەی رووما ناسراوەکانی باڵی رێفۆرم لە بازنەی ynk دا، بەرەبەرە بیرۆکەی پێشکەش کردنی ئاڵترناتیڤێکی جیاواز لە ئەزموونی دەسەڵاتداریی دوو پارتە سەرەکییەکەی هەرێم هاتە ئاراوەو لەم چوارچێوەیەشدا ئەم بیرۆکەیەلەلایەن بەشێک لە ئەندامانی نارازیی نێو ئەم دوو پارتە (بەتایبەتی ynk)و بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی دیاسپۆراو رووناکبیرانی نێوخۆو دەرەوەی هەرێم بە هەر دوو شێوە (راستەوخۆو ناراستەوخۆ) پشتگیری کرا، تاکو بەم شێوەیە لە رێگەی خستنەرووی بەرنامەیەکی نوێ بە مەبەستی گۆڕینی دۆخی هەنووکەیی شەپۆلێک لە دەنگی نارەزایەتی جەماوەر وەگەڕ بخرێو دواتر لە چوارچێوەی لیستێک بەناوی گۆران تێکەڵ بە گەمەی هەڵبژاردن ببێ. ئەم شەپۆلە توانی کە لە میدیا (رادیوو TV و رۆژنامە و...) وەکوو ئامرازێکی کاریگەر کەڵک وەرگرێو لە ماوەیەکی کورتدا لە نێو بەشێک لە توێژە نارازییەکانی کۆمەڵگەدا جێی خۆی بکاتەوەو لە دوای ئاشکرابوونی ئاکامی هەڵبژاردن وەکوو بەهێزترین لایەنی ئۆپۆزیسیون دەرکەوێت.

ئەم لایەنە واپێدەچێ زیاتر لە هەوڵی ئەوە دایە کە هاوشێوەی بزاڤە مەدەنیو شۆڕشە نەرمەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە هێندێک شوێنی جیهان هەنگاو هەڵێنێو بە دوور لە توندوتیژی لە میکانیزم گەلێکی رادیکاڵو رەخنەگرانە لە ئاستی میدیاییو ئاستی کردارییدا بە مەبەستی ململانێ لەگەڵ دەسەڵات کەڵک وەرگرێ.

بە کورتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بە سەرەتایەکی شیاو بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی دیموکراتیک ناوزەد بکەین کە تێیدا هەر تاکێکی کورد هەست بە بەرپرسایەتی خۆی لەو قۆناخە هەستیارەدا بکا. بێگومان رەنگدانەوەی سەرجەم بیرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە پارلمان

دا گرەنتیو یارمەتیدەر دەبێ کە هەم کەمو کورپییەکان لە هەرێمدا زووتر چارەسەر بکرێنو هەم نوێنەرانی سیاسیی کورد بە قورساییو پشگیرییەکی بەرچاوتری جەماوەرەوە ویستە نەتەوەیی یەکانی کورد لە عێراق دا بێننە ئاراوە بەلام پێش مەرجی سەرەکیی ئەم پێشکەوتنانە بەستراوەتەوە بە پێڕەو کردنی ململانێییەکی لۆژیکیو ئەقلانیو بە دوور لە دژایەتی لە نێوان گشت لایەنەکانی نێو پارلمانی کوردستانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

## هەڵسەنگاندنی دۆزی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧

رۆژهەلاتی کوردستان هەم لە بواری رووبەرەوەو هەم لە ئاستی رێژەی حەشیمەتی کوردەوە، دووهەمین پارچەی داگیرکراوی کوردستانی گەورەیە. لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی سیاسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان تاکو هەنووکە گەلێک رای جیاواز هاتوونەتە بەرباس، بەشێک لە توێژەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە خەباتی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان سەرەڕای کەموکوڕی یەکان، توانیویەتی وەکوو بزاڤێکی ناسیۆنالیستی رزگاریخواز خۆی پێناسە بکاو بەشێکی دیکە بڕوایان ئەوەیە کە بزووتنەوەیەک کە بکرێ وەکوو بزاڤی ناسیۆنالیستی ناوزەدی بکەین، تاکوو هەنووکە لە رۆژهەلاتی کوردستان نەهاتۆتە ئاراوە. هەوڵی ئەم وتارە ئەوە نیە کە ئەم کێشە تیۆریکە راڤە بکا و پشتگیری لە یەکێک لەم دوو روانگەیە بکا، بەڵکوو پتر تەرکیز لە سەر ئانالیزی قۆناغەکان لە رەوتی خەباتی سیاسی . نەتەوەیی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی خەڵکی ئێران دەکاتەوە و پتر تیشک دەخرێتە سەر رادەی سەرکەوتوویی یان کۆسپ نانەوەی پارتە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات لە رۆژهەلاتی کوردستان لە زیاتر لە چارەگە سەدە، لە تێکۆشان دا.

### پۆلێن بەندی قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پاش شۆڕشی ١٣٥٧:

ئەگەر بمانەوێت هەلوومەرجی خەباتی سیاسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی

هەتاوی تاوتوێ بکەین، ناچارین کە لە گۆشەنیگای هەڵسووکەوتو مۆدێلی رووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە هەمبەر ویستە سیاسیو نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستانەوە ئەم مەسەلەیە هەڵسەنگێنینو بە پێی جۆری رەفتاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی رادەی بەرپەرچدانەوەو چۆنیەتی خەباتی پارتە سیاسییەکانو هەروەها چالاکڤانانی مەدەنی و فەرهەنگی لە رۆژهەلاتی کوردستان ئانالیز بکەین.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی هەرکام لەو چوار قۆناغەی کە لە ژێرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، هەوڵ دراوە هەلوومەجی کاتیی قۆناغەکە لەبەر چاو بگیرێتو ئەم ئەسڵە گرینگە لە پێوەندی لەگەڵ ئانالیزی رووداوەکان پشت گوێ نەخرێت:

١- سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ٢٢ی رێبەندان تا وەکوو قۆرخ کردنی دەسەلات لە لایەن ئیسلامییە رادیکاڵەکان واتا جێگر بوونی کۆماری ئیسلامی بە تەواویەتی.
٢- بەربەرەکانێی توندووتیژ پاش جێگربوونی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی تاکوو هاتنە سەر دەسەلاتی باڵی ریفۆرمخوازی کۆماری ئیسلامی لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦.
٣- کەشوهەوای زاڵ بەسەر کوردستان پاش هاتنە سەر دەسەلاتی باڵی ریفۆرمخوازی کۆماری ئیسلامی تاکوو کۆتایی دەسەلاتی ئەم باڵە پاش هاتنە سەر کاری باڵی موحافیزەکاری رێژیم لە هاوینی ١٣٨٤ی هەتاوی.
٤- هەلوومەرجی پاش هاتنە سەر دەسەلاتی باڵی موحافیزەکاری رێژیم تاکوو هەنووکە.

## *قۆناغی یەکەم:*

لەم قۆناغەدا دوو رێکخراو دەوری سەرەکیی لە رووداوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەگێڕن کە بریتین لە حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵە، هەرکام لەم دوو حیزبە بە چەندین هۆکار توانیان لەم قۆناغەدا متمانەی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆیان رابکێشن.

***حدک:*** *حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی بە چەندین هۆکار توانی کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێو خەڵکی کوردستان دا بۆ خۆی مسۆگەر بکات کە بریتیین لە:*

* دەوری کاریگەرو سەرەکیی ئەم پارتە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا.

* حەماسەخولقێنی خەباتگێڕانی ئەم حیزبە لە خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ لە ژێر ناوی کۆمیتەی ئینقلابی حدک، گەرچی ئەم خەباتە چەکدارییە پاش ١٨ مانگ لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی یەوە کپ کرا، بەڵام ڕێبەرانی ئەو حەرەکەتە وەکوو شەهیدان سمایل شەریف زادە، موعینی یەکانو مەلا ئاوارە بوون بە سیمبۆلی بەرخۆدان لە نێو حافزەی مێژوویی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەرمایەیەکی مەعنەوی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان . ڕۆڵی چالاکو حاشاهەڵنەگری ئەندامانی کۆمیتەی زاگرۆسی سەر بەم پارتە لە مانگەکانی کۆتایی دەسەڵاتی پاشایەتی.

* بوونی بەندییە سیاسییەکانی سەر بەم پارتە لە نێو گرتووخانەکانی ڕێژیمی پاشایەتی کە ناوبانگو خۆشەویستی ئەمان کاریگەری بەرچاوی لەسەر ڕادەی ئینتیمای خەڵک بە نیسبەت ئەو پارتە دانا،وەک عەزیز یوسفی، جەلیل گادانی، غەنی بلووریانو...

**کۆمەڵە:** لە ڕاستی دا کۆمەڵە وەکوو زەرورەتێک لە ئاکامی ئاخێوی چەپی زاڵ لە دەیەی ٤٠ و ٥٠ ی هەتاویو بزووتنەوەی ڕادیکاڵی خوێندکارانی ئێران لەو سەردەمانەدا هاتە کایەوە. ئەم ڕێکخراوە لە پێش شۆڕشی ١٣٥٧ دا بۆ بەشێکی بەرچاو لەخەڵکی کوردستان نەناسراو بوو زیاتر بەشێوەیەکی نهێنی لەچوارچێوەی ئەنجومەنە سینفییەکانی کرێکاریو جووتیاری دا دەوری دەگێڕا، بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕشو کرانەوەی فەزای ئازادی تەبلیغی توانی لە نێو خەڵکی کوردستان دا جێی خۆی بکاتەوەو ببێتە ئاکتەرێکی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان. لە ئەتمۆسفێری ناسەقامگیری پاش شۆڕشدا حدکو کۆمەڵە بوون بە دوو ڕێکخراو کە لە بەڕێوەبەریو دابین کردنی ڕێژەیی ئەمنییەت لە شارو دێهاتەکانی کوردستانو وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی بازەرگانو هەروەها بەرپەرچ دانەوەی هێرشی سێ مانگەی ڕێژیم، ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەم قۆناغەدا گەرچی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریو بەدەنەی حیزبی دێموکرات لە ژێر ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ لەو حیزبە جیا بوونەوە، بەڵام دەرکەوتنی کەسایەتی بەرزی دوکتور قاسملوو لەم قۆناغەداو هەروەها فەزای ڕادیکاڵی ئەو سەردەمان، دوو هۆکار بوون کە یارمەتی ئەوەیان بە حیزبی دێموکرات دا کە بتوانێت پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی پتەو ڕابگرێت.

پێویستە هەروەها ئاماژە بەوە بکەین کە ئاخێوی چەپی ئینقلابی زاڵ لەو سەردەمەداو کاریگەری شەهیدبوونی "فوادی مستەفا سوڵتانی" لە رێبەرانی کۆمەڵە لەسەر خۆشەویستی خەڵک بە نیسبەت ئەو رێکخراوە، یارمەتی ئەوەیان دا کە کۆمەڵەش لەم قۆناغە بتوانێت شوێن پێیەکی بەرچاو لە رووداوەکانی کوردستان دا بە جێ بهێڵێت.

بە گشتی لەم قۆناغەدا دیسکۆرسی زاڵی دەسەڵاتی ناوەندی جیا لەو کاتانەی کە هەستی بە لاوازی لە بەرامبەر بەرەنگاری خەڵکی کوردستان دا دەکرد، دیسکۆرسی توندوتیژی(گفتمان خشونت)بوو و بە پێی لۆژیکی"خشونت، خشونت میێفریند" پارتە کوردییە بەرهەڵستکارەکانیش رێگای بەرەنگاری چەکداریان هەڵبژارد. لەم قۆناغەدا کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی تێرمیدۆر(توندوتیژی دوای ئینقلاب) لە ئێراندا، گوشارو سەرکوت باڵی بە سەر کوردستاندا کێشاو بەرەنگاریی بەربڵاوو گشتگیر کرا بە ستراتیژی پارتە سیاسییەکانی کورد لە بەرامبەر هێرشی دەسەڵاتی تازە پێگەیشتوو.

### قۆناغی دووهەم:

ئەگەر ئەو ئەسڵە گرینگە لەبەر چاو بگرین کە هەر دیاردەیەک درێژەی دیاردەکانی پێشووتری خۆیەتی، هەڵسەنگاندنی قۆناغی دووهەمی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی قۆناغی یەکەم ئاسانتر دەبێ. لەم قۆناغەدا ئیتر لێڵی گوتارو روانینی دەسەڵاتی ناوەندی بە نیسبەت دۆزی کورد کۆتایی پێدێتو دەرگای وتووێژو دانوستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە تەواوی دادەخرێو دەکرێ بڵێین ماهییەتی دوگمی رێژیم روونتر دەبێتەوەو دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی ناوەندی لە بەرامبەر ویستو داواکارییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستاندا خاوەنی هیچ چەشنە تۆلێرانسێک نییەو"خشونت عریان" دەبێتە ستراتیژی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵکو پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

لەم قۆناغەدا ئیعدامی بە تاکو بە کۆمەڵی خەباتگێرانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە، چاوترسێن کردنی خەڵکی ئاسایی لە رێگای بەکار هێنانی ئامرازی جۆراوجۆرو تیرۆری رێبەرانی پارتە سیاسییەکان دەبێتە کارکردی سەرەکیی داموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی شەهیدبوونی دوو رێبەری مەزنی حیزبی دێموکرات کاریگەری بەرچاوی لەسەر داهاتووی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە جێهێشت.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە وردی رۆڵو پێگەی ئەم دوو کەسایەتییە شۆڕشگێڕەیان(د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی) لە نێو حیزبی دێموکراتو هەروەها رای گشتی کۆمەڵگای کوردستان دەرک پێکردو بە تیرۆرکردنی ئەمان خەسارێکی مەزنی لە خەباتی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی بە پێی ئەو ئیقتیدارە عەقڵانی . قانوونییە کە لە نێو ستراکتۆری حیزبی دێموکرات دا لە رێگای میکانیزمە مەشروعو دێموکراتیکەکانەوە وەدەستیان هێنابوو و هەروەها بە هۆی ئەو نفووزەی کە لە نێو کۆمەڵگادا پەیدایان کردبوو، ببون بە سەرچاوەو بزوێنەری خەڵکو تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ درێژەپێدانی خەبات، هەر بەم هۆیانەوە حەزفی فیزیکی ئەم دوو سەرکردەیە بوو بە ئامانجێک کە رێژیم لە دوو پیلانی گەلاڵە داڕێژراودا بە ئەنجامی گەیاندو حاشاهەڵنەگرە خەساری ئەم دوو زەربە کوشەندەیە تاکوو هەنووکە بەسەر خەباتی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دیارە.

بەڵام لەم قۆناغەدا چەند دیاردەیەکی دزێو بە شێوەیەکی پڕ رەنگ لە نێو رەوتی خەباتی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان هاتە ئاراوە، کە ئەمەش تا رادەیەک دەرهاوێشتەی ئەو کەشوهەوا زەینییە بوو کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە خولقێندرا بوو و لە نێو ئوپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێرانو هەروەها ئوپۆزیسیۆنی کوردی دا رەنگدانەوەی هەبوو.(دەگوترێ کە لەگەڵ هەر هێزێک بەرەنگاری بکەیت، ناڕاستەوخۆ تایبەتمەندییەکانی ئەو هێزە کاریگەریت لەسەر دادەنێتو بەرەبەرە خەسڵەتەکانی ئەو هێزە لە تۆشدا بەدی دەکرێن.)

* ***فانکسیۆنالیزم(حیزب پەرەستی):*** لەم قۆناغەدا بەشێک لە ئەندامانی پارتەکانو تەنانەت خەڵکی ئاسایی، نەک وەکوو ئامراز بەڵکوو وەکوو دیاردەیەکی پیرۆز سەیری پارتەکان دەکەنو هەر لەو چوارچێوەدا دەمارگرژیی ئیدئۆلۆژیکو بەرژەوەندی تەسکی حیزبی دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی شەڕی براکوژی لە نێوان کۆمەڵەو حیزبی دێموکراتو دواتریش حدکاو حدکا. رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە "گفتمان"دا خۆی وەکوو نیزامێکی پیرۆز دەردەخست، هەق وابوو وەکوو"پادگفتمان" پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتبانە دژایەتی لەگەڵ پەرەپێدانی ئەو جۆرە روانگەیەو لە دیسکۆرسی خۆیاندا دژایەتی دوگماتیزمو بە پیرۆز لە قەڵەم دانی حیزبو هەر چەشنە دەسەڵاتێکیان کردبا، بەڵام بەداخەوە

تا رادەیەک کەوتنە نێو ئەو داوە ئاخێوییەی(دام گفتمانی) کە دەسەڵاتی ناوەندی برەوی پێدا.

* ***سێکتاریزم:*** دەستەبەندی نهێنیو مەحفیلی، جەناحبازی بەدوور لەپرەنسیپە دێموکراتیکەکان، تەنزیمی پێوەندییە نێو ڕێکخراوەییەکان لەسەر بنەمای نالۆژیکی وەکوو ناوچەیی، بەرژەوەندی تاکەکەسی یان گرووپی،... ئەو تایبەتمەندییانەن کە لە فەزای داخراوی قۆناغی دووهەم لە نێو ئوپۆزیسیۆندا بە زەقی دەکەونە بەر چاو. دەرنجامی ئەو دیاردە دزێوانە بریتی بوون لە: چۆڵ کردنی سەنگەری خەبات لە لایەن بەشێک لە تێکۆشەرانی ئەو پارتانەوە، ئینشعابو جیابوونەوە لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە نیوەی دووهەمی دەیەی ١٣٦٠دا، تیرۆری کەسایەتی بەشێک لە تێکۆشەران لە لایەن هاوڕێکانی خۆیانەوەو..

### ***قۆناغی سێهەم:***

کەشوهەوای نیمچە کراوەی پاش گرتنە دەستی دەسەلات لە لایەن باڵی ریفۆرمخوازی کۆماری ئیسلامی لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦، زۆرێک لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆو دەرەوی ئێرانی گۆڕی. گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن ریفۆرمخوازان هاوکات بوو لەگەڵ"تێبینی" کەمپ نشینی پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانو پچڕانی پێوەندی ئەمان لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان:

لەم قۆناغەدا حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە نە تەنیا ئاستی حوزووری فیزیکی لە نێو خەڵکدا، بەڵکوو لە ئاستی میدیاو راگەیاندنیشدا غایبنو باندۆرێکی ئەوتۆیان بەسەر رووداوەکاندا نابێت. ئەم رکوودە گەرچی لە نێو ئوپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێراندا گشتگیر بووە، بەڵام لە نێو ئوپۆزیسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستان دا زەقتر بەرچاو دەکەوت.

بۆشایی پارتە سیاسییەکان لەم قۆناغەدا زیاتر لە لایەن چالاکڤانانی مەدەنی ـ فەرهەنگی، رۆژنامەنووسانو چالاکڤانانی خوێندکارییەوە پڕ دەکرێتەوە. لەم قۆناغەدا ئاشنایی زیاتری خەڵک لەگەڵ چەمک گەلێک وەکوو" کۆمەڵگای مەدەنی"، "بەشداری سیاسی"، "خەڵک سالاری"و "تساهلو تسامح" و... لە رێگای گۆڤار، رۆژنامەکانو هەروەها ئەو کتێبانەی کە پێشتر قەدەغەکراو دەهاتنە ئەژمار، کاریگەرییەکی بەرچاو لە بردنە سەری ئاستی

زانیاری خەڵکدا جێدەهێڵێتو گۆڤارو NGO کانو رێکخراوە خوێندکارییەکان، بنکە ئەدەبیو فەرهەنگییەکان دەبنە سەرچاوەی سەرەکی ئاگایی بەخشین بە خەڵکی کوردستانو لە "جهت دهی" بە رای گشتی خەڵکی کوردستان دەوری ئەساسی دەگێڕن. لەم قۆناغەدا تەنانەت بەشێک لە چالاکڤانانی مەدەنیو خوێندکاری کورد مەسەلەی ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد دەکەنە رۆژەڤو هەروەها بەرپەرچی بانگەشەی ئەو کەسانە دەدەنەوە کە لە ژێر ناوی چالاکی سیاسیو فەرهەنگی بەناو ریفۆرمخوازی کورد هەوڵی ئەوەیان دەدا کە خەباتو تێکۆشانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکرات، پاش داگیرکردنی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بخەنە ژێر پرسیارو بەرخۆدانی رەوای ئەو پارتانە لە بەرامبەر شەڕی داسەپاوی رێژیم بە توندوتیژیگەرایی (خشونت گرایی) ئەم پارتانە پێوەندی بدەن.

ئەگەرچی بەهاری ئیسلاحات لە ئێران ماوەیەکی کەم بوو و دەکرێ بڵێین کە پاش داخستنی "فلەای" گۆڤارو رۆژنامە ریفۆرمیستییەکان لە بەهاری ١٣٧٩دا کۆتایی بە پرۆسەی ریفۆرم هات، بەڵام ئەو ماوە کورتە کاریگەری بەرچاوی لە مەڕ گەشەی شعووری سیاسی لە ئێراندا جێهێشت. لە راستی دا دەسەڵاتی شاراوە لە نێو رێژیم دا هەم پرۆژەی چاکسازی پەک خستو هەمیش بەشێک لە پێکهاتەی باڵی ریفۆرمخواز هەر لە سەرەتاوە باوەڕێکی ئەوتۆیان بە ریفۆرم نەبوو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سرنجە لەم قۆناغەدا بەشێک لە پێکهاتەی پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە دژی پرۆژەی ئیسلاحات وەستانو بەشێکیتریش بە پێچەوانە، هیوایەکی لەڕادە بە دەریان لە لا دروست بوو لە ترسی ئەویکە مەبادا لە کاروانی ئیسلاحات جێ بمێنن، ناڕاستەوخۆ خەسڵەتە شۆڕشگێڕیەکانی پێشووتری خۆیان دەخستە ژێر پرسیارەوە!

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەر لەم قۆناغەدا بە هۆی گیرانی سەرۆکی پ.ک.ک و ئیعترازی بەربڵاوی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەم پیلانگێڕییە بەرەبەرە دەرگای رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەورووی ئەو رێکخراوە کرایەوە. پ.ک.ک وەکوو پارتێکی رادیکال کە درووشمی نەتەوایەتی بەرز دەکردەوە، خۆی پێناسە دەکردو لە کاتێکدا کە ئیتر بەرەبەرە رکوود باڵی بەسەر چالاکی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکێشا، هاتە نێو ساحەی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە. لە وەها بۆشاییەک دا گوتاری رادیکاڵو راگەیاندنی پ.ک.ک بوو بە هۆکارێک کە لەم قۆناغەدا زۆر لاوی رۆژهەڵاتی کوردستان بچنە نێو ریزەکانی ئەو پارتە.

پاش ماوەیەک لقێکی پ.ک.ک لە ژێر ناوی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بوونی خۆی ڕاگەیاند، گەرچی پژاک وەکوو پ.ک.ک یەکی بچووک ناوزەد کراوە، بەڵام لە ڕاستی دا پژاک پتر لەوەی کە وەک پارتێکی سیاسی بێتە بەرچاو وەکوو لق یان تەنانەت ئۆرگانێکی کۆمیتەی سیاسی گۆنگرەی گەل دێتە بەرچاو، کە لە ئاستی بڕیاردان‌و دیاریکردنی پێکهاتەی ئەندامانی خۆیدا خاوەن سەربەخۆییەکی ئەوتۆ نییەو شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە پوتانسیلی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو خزمەت بە ئامانجەکانی پ.ک.ک دامەزرابێت.

## قۆناغی چوارەم:

سەرەتای ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ ئیعترازی سەرانسەری خەڵکی کوردستان بە نیسبەت شەهید کردنی شوانە سەید قادر لە لایەن ڕێژیمەوەو سەرکوتی توندوتیژی ئەم نارەزایەتییە لە لایەن ڕێژیمەوە هەر وەکوو "هابرماس" ئاماژەی پێ کردوە، خەباتی مەدەنی لە سیستەم‌و کەشوهەوایەکدا دەکرێ پەیڕەو بکرێت کە تا ڕادەیەک دێموکرات بێ.

لەم قۆناغەدا هەم پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕکوودو قەیران دان‌و هەم دەرەتانی چالاکی مەدەنی‌و ڕاگەیاندن لە لایەن دەوڵەتی موحافزەکارەوە بە تەواویەتی کۆتایی پێ دێت. ئەم قۆناغە بریتییە لە ڕکوودی پارتەکان‌و جیابوونەوەو لەت لەت بوونی پەیتاپەیتای ئەم پارتانە لە تاراوگەو گرتنی ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی مەدەنی‌و مافی مرۆڤو خوێندکاری‌و داخستنی گۆڤارە کوردییەکان‌و هەروەها زاڵ بوونی دووبارەی دەسەڵاتی دەوڵەتی پادگانی‌و فەزای پۆلیسی لە نێوخۆی وڵاتدا.

پاسیڤیزمی نێوخۆیی‌و دەرەکی لە ڕەوتی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناغەدا، تا ڕادەیک ناهومێدی جەماوەری بەرهەم هێناوە، لەم قۆناغەدا دەرەتانی خەباتی مەدەنی بە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم باوەڕی تەنانەت بە سەرەتاییترین پرەنسیپە دێموکراتیکەکان نییە، بەدی ناکرێ‌و خەساری پرش‌وبڵاوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە تاراوگەش وای کردوە کە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە ئاستی دەرەکی دا نەبێت‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو ناوچەیەکی لەبیر کراو لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران‌و ناوچەدا بێتە بەرچاو.بە هەر حاڵ ئەم قۆناغە سەرەڕای ئەو تاڵیانە، ئەگەر بێتە هۆکارێک کە چ پارتەکان‌و چ

چالاکڤانانی نێوخۆیی لەم قۆناغە وەک قۆناغی بەخۆداچوونەوەی بنەڕەتیو داهێنانو سوود وەرگرتن لە پاشخانی تێکۆشانی رابردوو کەڵک وەرگرن، دەشێت کە هیواکان زیندوو ببنەوە، کە ئەمەش پێوەندی راستەوخۆی بە موبیلیزەکردنی تەواوی دەنگە نارازییەکانی خەڵک، ریسک پەزیریو هاوئاهەنگیو هاوخەباتی تەواوی هێزە سیاسیو مەدەنییەکانو خستەڕووی روانگەیەکی پراکسیسی(تئۆری معگوف بە عمل) یەوە هەیە.

### سەرچاوەکان:

* ئارشیوی ئەم گۆڤارو رۆژنامانەی خوارەوە:
* نشاگ، چشم انداز ایران، روانگە، راڤە، فتح، ایران فردا
* نیو سەدە تێکۆشان، عەبدوڵلا حەسەن زادە
* مێژووی پ.ک.ک، جمیل بایک
* ئارشیوی بەشی ئەندیشەی سایتی اخبار روز، روشنگری

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

---

## شۆڕشی ئیسلامی بەستێنێک بۆ تیرۆر

### لە فارسی بۆ کوردی:

شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست دا سەرکەوتنی وەدەست هێناو هەر لە ساڵەکانی سەرەتاوە بە کەڵک وەرگرتن لە بنەماکانی هەڵقووڵاو لە ئیدۆلۆژییەکی بەرتەسکی مەزهەبی نەیارەکانی لە ڕێگەی تیرۆرو ئێعدامی بە کۆمەڵ لە سەر ڕێگەی دەسڕیتەوە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدرێ تا ئەو جێگەیە کە دەکرێ لایەنە جۆراوجۆرەکانی کردەوەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆرو گرووپە تیرۆریستییەکانی پێوەندیدار بەو

ڕێژیمە راوەستەی لە سەر بکرێ.

بە پێی راپۆرتەکانی کۆشکی سپی، ئێران ناسراوترین و گرنگترین وڵاتە کە پاڵپشتی لە تیرۆریزم لە ئاستی جیهاندا دەکا و بەشێک لەو گرووپانە بریتیین لە حیزب الله، جیهادی ئیسلامی، انصار الاخوان و حەماس.

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی (TRGC) ڕۆڵی هاوئاهەنگی و بەرپرسی پێوەندیی لەگەڵ ئەو گرووپانە دێتە ئەژمار. سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ بە مەبەستی پاراستنی شۆڕش لە هەمبەر مەترسییەکانی نێوخۆیی و دەرەکی پێک هات و دواتر پلان و سیاسەتەکانی سوپای پاسداران ئاراستەیەکی دیکەی بە خۆیەوە گرت و لە مژاری ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و گرتنە بەری سیاسەتە دوژمنانەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە هەمبەر ئیسرائیل دا ڕۆڵی سەرەکیی وەئەستۆگرت.

## شۆڕشی ئیسلامی و "حیزبوڵلا":

لە پێوەندیی لەگەڵ مژاری شۆڕشی ئیسلامی و (حیزبوڵلای لوبنان) دوو جۆرە پێوەندیی ئاشکراو نهێنی بوونیان هەیە. (حیزبوڵلا) راشکاوانە باس لەوە دەکا کە شۆڕشی ئیسلامی ئاوات و ئامانجێکی هاوبەشی لەگەڵ (حیزبوڵلا)ی لوبنان هەیەو لە راستیدا تەواوی سیاسەتە رادیکال و بناژۆکانی حیزبوڵلا لە نێوخۆو دەرەوەی لوبنان لە ژێر چاودێریی شۆڕشی ئیسلامی¬دا گەڵاڵە دەکرێن. (حیزبوڵلا) واتە حیزبێک لەلایەن خوداو، لە وڵاتانی عەرەبی دا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی وەکوو "ولی امر مسلمین" دەناسێنێ.

ڕێبەری (حیزبوڵلا) خۆی بە قوتابیی مەکتەبی شۆڕشی ئیسلامی دەزانێ و بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە لوبنان هاوشێوەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەردەوام لەلایەن ناوبراووە بانگەشەی بۆ دەکرێ.

ساڵی ١٩٨٢لە گەرمەی شەری نێوان ئیسرائیل و لوبنان، (حیزبوڵلا) بەهاوکاریی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین کە وەکوو پەنابەر لە خاکی لوبناندا بوو، بەمەبەستی لە نێوبردنی ئیسرائیل دامەزرا و لەلایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیيەوە بە مەبەستی ناردنە دەرەوەی شۆڕش، پێوەندییەکی قایم لەگەڵ ئەو گرووپە ساز دەکرێ و بەم

چەشنە (حیزبوڵڵا) بە شێوەی ئاشکرا وەک نوێنەری شۆڕشی ئیسلامی لە لوبنان دەناسرێ.

(حیزبوڵڵا) تەواوی پێداویستییەکانی خۆی لەلایەن ئێرانەوە بۆ دابین دەکرێ و تەنانەت بە پێی راپۆرتی NEW YORK SUN لە جەریانی شەری ٢٠٠٦ دا لەلایەن ئێرانەوە کەسانێکی خاوەن شوناسی ئێرانی وەکوو سەرباز بۆ شەر دژ بە ئیسرائیل رەوانەی لوبنان کران، بە چەشنێک کە دەکرێ بڵێین لەو شەڕەدا لە لایەک ئیسرائیل و لەلایەکی دیکە ئێران و شۆڕشی ئیسلامی بوونیان هەبووو ئاکامی ئەو شەڕە تەنیا وێرانیی بەشێک لە لوبنان بوو.

ئێران و حەماس:

پێوەندیی ئێران و حەماس رەوتێکی ئاسایی تێپەر نەکردوە، بەو مانایە کە ئەو پێوەندییە هەوراز ونشێوییەکی زۆری بە خۆیەوە دیوەو لە هێندێک قۆناغدا ئەو پێوەندییە زۆر گەرم و گوڕو لە هێندێک قۆناغدا ساردو سڕ بووە. ساڵی ١٩٨٠ پاش زاڵبوونی سیاسیی حەماس بە سەر بەشێک لە خاکی فەلەستین (کەرتی غەزە)داو گرتنە بەری سیاسەتی دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و کەڵک وەرگرتن لە تیرۆر و ئینتحار وەکوو ئامرازێک، پێوەندیی نێوان شۆڕشی ئیسلامی و حەماس دامەزرا.

بە پێی وتەکانی Gorye jotfee مامۆستای زانکۆی کەمبریج پێوەندیی ئێران و حەماس لە ساڵی ١٩٩٠ کاتێک کە ئێران شێلگیرانە لە هەوڵی ناردنە دەرەوەی شۆڕش دا بۆ دەرەوەی ئێران بووو هەروەها حەماسیش لە هەوڵی دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە فەلەستین و هەوڵدان بۆ لە نێوبردنی ئیسرائیل بوو، دامەزرا و بە پێی ئەو پێوەندییە لایەنی ئێرانی بەڵێنی دابین کردنی چەک و چۆڵ و ناردنی دولارە نەوتییەکان بۆ کەرتی غەزە دەداتە ئەو گرووپە و ئەم پێوەندییە لە ژانویەی ٢٠٠٦ کاتێک کە حەماس لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی لە فەلەستین سەرکەوتنی وەدەست هێنا بەوپەڕی خۆی گەیشت.

## ئێران و جیهادی ئیسلامی:

پێوەندیی ئێران لەگەڵ جیهادی ئیسلامیی فەلەستین لە ساڵی ١٩٨٠و لە یەکێک لە کەمپەکانی (حیزبوڵڵا) لە لوبنان را دەست پێدەکاو لە ئەنجامی دامەزراندنی ئەو پێوەندییە سەدان تیرۆرو کردەوەی ئینتحاری لە نێوخۆ و

دەرەوەی فەلەستین روو دەداو ئەندامانی گرووپی ناوبراو لەلایەن شۆڕشی ئیسلامییەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی کردەوەی ئینتحاری و تیرۆر پەروەردە دەکرێن و بۆ ئەو مەبەستە سەرمایەیەکی بەرچاو خەرج دەکا.

## رۆڵی ئێران لە ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین دا:

ئەمڕۆکە ئەگەری روودانی شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئامریکا لە ناوەندە سیاسییەکاندا بە پێی بەڵگەو بەرژەوەندییە تایبەتییە سیاسییەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ. شایانی باسە ئێران لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەدا رۆڵێکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگری هەیە. لاواز کردنی دەسەڵاتی ناوەندیی لە عێراق و یارمەتیدان بۆ بەهێز کردنی پارتە توندرەوە ئیسلامییەکان لەو وڵاتەدا و دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی لە لوبنان و هاندانی حەماس بۆ ئاژاوەگێڕی، راستەوخۆو ناراستەوخۆ دەوری نێگەتیڤی ئێران لە ناوچەدا بەروونی دەردەخا.

ئێران دژایەتیی پرۆسەی ئاشتی و سەقامگیری لەو بەشە لە جیهاندا دەکاو لە نێوخۆشدا سیاسەتەکانی رۆژ لە دوای رۆژ رادیکاڵتر دەبێ. ئێستاکە جیهان بە وردی چاوەدێریی بەرنامەی ناوکیی ئێران و مەترسی دەستپێڕاگەیشتنی ئەو رژێمە بە چەکی ناوکییە کە دوور لە چاوەڕوانی نیە رۆژێک لە رۆژان بەرەو ئیسرائیل نیشانە بگرێ. رێبەرانی سیاسی لە ئورووپاو ئامریکا بە پێی ئەوە کە دەزانن ئێران، هاوشێوەی عێراق نیەو بەرەنگاریی لە بەرامبەر وەها وڵاتێک پێویستی بە ئامرازی تایبەت بە خۆی هەیە، لە هەوڵی ئەوەدان کە تا ئەو جێگەیە کە دەکرێ پێشوازی لە مژاری دیالۆگ و دانوستان بکەن.

بەڵام ئەوەی گرینگە برتییە لەوە کە ئێران و ئیدئۆلۆژیی وشک و داخراوی زاڵ بەسەر ئەو رژێمە تا چ رادەیەک وەڵامی پۆزەتیڤ بە رێگەچارەی دیالۆگ دەداتەوە، مژارێک کە تا رادەیەکی بەرچاو زۆربەی وڵاتانی جیهان هیوایان پێی نیەو بە ناچار هەوڵەکانیان زیاتر بۆ گرتنە بەری رێگەی دیکە وەکوو شەڕ و تەحریم چڕ کردۆتەوە.

### سەرچاوەکان:

.About. Com. Aport of the New York Tims 2009-
.New York Sun-

-Profile of Hezbollah.

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: هێمن حسێنی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

# هەفپەیڤین، بەبۆنەی ٨ی مارس

## هەفپەیڤین دەگەڵ بەڕێز سامان فەقێ نەبی سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس

### هەفپەیڤین : ڕەحمان نەقشی

***پرسیار: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کەلە کەیەوە تێکەڵ بەخەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟***

***سامان فەقێ نەبی:*** **من ناوم "سامان فەقێ نەبی" یەو لەدایک بووی شاری مەهابادم. لەقۆناخی خوێندکارییدا کەهاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی ئیسلاحات لەئیراندا، تێکەڵ بەجووڵانەوەی خوێندکاریی و دواتر خەباتی سیاسی بووم. لە نەورۆزی ١٣٨٥ی هەتاوی تاکوو ئێستا کە بەشێوەی ئاشکرا لەریزەکانی حیزبی دێموکڕات درێژەم بەخەبات داوەو وەکوو پێشمەرگە لەکۆمیسیونی ڕاگەیاندن و لەبەشەکانی رادیۆ و ڕۆژنامەی کوردستان و کورد کاناڵ ئەرکەکانمان بەجێ گەیاندووە، و دوای کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو سکرتێری گشتی ئەم ڕێکخراوەیە کەبە یەکێک لە یادگارەکانی کۆماری کۆردستان ئەژمار دەکرێ درێژە بەخەبات و تێکۆشان دەدەم.**

***پرسیار: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

**سامان فەقێ نەبی:** پرسی ژنی کورد ئەگەرچی دەکرێ لەهەر چوار پارچەی کوردستان کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی بۆ دیاری بکرێ، بەڵام لەرۆژهەڵاتی کوردستان دۆخێکی تایبەتی بەخۆی گرتووە، کەتا رادەیەک جیاوازەلەگەڵ دۆخی ژنان لەپارچەکانی تری کوردستان. لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین بڵێین کەئەو ژنانەی لەبواری کۆمەڵناسی لەچینی مامناوەندی دا پۆلێن بەندی دەکرێن، هەم لەبواری رادەی خوێندەواری و هەمیش لەبواری ئاستی تێگەیشتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەبەراورد لەگەڵ پارچەکانی تر هەم زیاتر بەمافەکانیان دەزانن و هەمیش زیاتر داکۆکی لەمافەکانیان لەچوارچێوەی بنەماڵەو کۆمەڵگادا دەکەن، کەئەمەلەپارچەکانیتر بەدی ناکرێ. بەڵام هاوکات لەبەشی سوننەتی کۆمەڵگا کەهێشتا کوت و بەندەکان وەک بافتی عەشیرەتی و دابڕان لەداب و نەریتەدواکەوتووەکان زاڵ و بەرچاو، دۆخی ئەم بەشەلەژنان لەرۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ باقی پارچەکانی کوردستان دا نییەو ڕێژەی کوشتن و خۆکوژیی ژنان لەئاستێکی مەترسیدار دایە.

***پرسیار:** چ لە ڕیزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و ڕۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟*

**سامان فەقێ نەبی:** بەبڕوای من ئەو ژنانەی کەلەچوارچێوەی حیزبەسیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا، خەبات و تێکۆشان هەیەبەهۆی دوور کەوتنەوەلەدۆخی راستەقینەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر باشتر کردنی دۆخی ژنان لەنێوخۆی وڵات دا نییە، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک لەنێوان ئەو ژنانەو ژنانی نێوخۆ و نەبوونی میدیای بەهێز بۆ گواستنەوەی گوتار و پلانی سەردەمیانەبۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان لەنێوخۆی وڵات دەگەڕێتەوە.

***پرسیار:** زۆر جار لەزمان پیاوان و یا بەشێک لەژنان دەبیسرێ کەژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانەراستن؟*

**سامان فەقێ نەبی:** کۆمەڵگای ئێمەتاکوو هەنووکەش لەبیرۆکەی فارس وتەنی " فرافکنی" دەرباز نەبووە، هەر بۆیەزۆر جار کەم و کوڕییەک کەسەرجەم کۆمەڵگا تێیدا تاوانبارە، دەخرێتەئەستۆی چین یان توێژ یان ڕەگەزێکی تایبەت. پرسی ژنان لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش مەسەلەیەکەکەهەمووان لەبەرامبەری دا بەرپرسیارن. سەرجەم

حیزبەسیاسییەکان و ڕێکخراوەمەدەنی یەکان و هەموو پیاو و ژنێک کەبەپراکتیک نەک هەر قسەهەوڵ نادا ئەم دۆخەباشتر ببێ تاوانبارن لەو کێشەیەکەداوێنی کۆمەڵگای کوردی تەنیوە. پێویستەوەکوو مەسەلەیەکی مرۆیی کە پێوەندیدارەبەمافەکانی مرۆڤەو، هەمووان سەیری پرسی ژنان بکەین و تەنیا ژنان بەتاوانبار نەزانین.

***پرسیار:*** *هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزەو ڕێکخراوەسیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بەناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە.ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کەداکۆی لەمافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەرییەی کە دەرحەق بەژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟*

***سامان فەقێ نەبی:*** ئەم ڕێکخراوانەهەر وەک ئامـاژەم پێکرد بەهۆی تەریک کەوتنەوە لە دۆخی راستەقینەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەگەیشتنی دەنگ و گوتارو پەیامیان بەزۆرینەی ژنانی نێوخۆی وڵات بەهۆی نەبوونی ئاڵقەیەکی پێوەندی بەهێز (چ مرۆیی و چ میدیایی) و هاوکات دەسەڵاتداریی ڕێژیمێکی تۆتالیتێر لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر بیروڕای گشتی لەپێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ژنان لەنێوخۆی وڵات دا هەبێ.

***پرسیار:*** *وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟*

***سامان فەقێ نەبی:*** هیوادارم چالاکڤانان و داکۆکی کەرانی مافی ژنان لەدەرەوەی وڵات هەوڵی سەرەکییان سازکردنی پردێکی پێوەندیی بەهێز لەگەڵ ژنان بەتایبەت چالاکڤانانی بواری ژنان لەنێوخۆی وڵاتدا بێ و لەرێگای ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری و بەڕیوەبردنی پرۆژەی هاوبەش کەلەگەڵ واقعییاتی کۆمەڵگا بگونجێ، خزمەت بەباشتر کردنی دۆخی ژنان لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٣

# وانەکانی شه هید دوکتور قاسملوو چرای ڕێگای تێکۆشانمانە

ڕێبەری شەهیدمان، دوکتۆر قاسملوو، لە بواری هزر و ڕامانو هەروەها لە بواری پڕاکتیکدا چەند وانەیەکی بەنرخی داوەتە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە سەرنجپێدانیان لە قۆناغی ئێستاشدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ تێپەڕاندنی لەمپەر و قەیرانەکانی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە لێرەدا هەوڵ دەدرێ ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێ :

## - قاسملووو دێموکراسی:

د. قاسملوو لە سەختترین قۆناغەکانی خەباتیشدا بەردەوام، هەبوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک و پابەندبوون بە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی لە چوارچێوەی مافەکانی ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە بنەما گرتووە لە جێگیرکردنی کەلتووری ڕەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکانی حیزب لە زۆر بواردا بە پێچەوانەی زۆربەی ڕێبەرانی سەردەمی خۆی، دەستپێشخەری نواندوە تاکوو فۆبیای ڕەخنەگرتن لە نێو ئەندامانی حیزبدا بەرەبەرە بسردرێتەوە.

ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی سوسیالیزمی مەوجوودو هێنانەئارای چەمکی سوسیالیزمی دیموکراتیک و ڕەخنەگرتن لە غایببوونی ئازادی لە نێو ولاتانی سەربە بلووکی ڕۆژهەلاتدا بەلگەی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن.

ناوبراو لە ڕێگەی بەستێنسازی مەعریفی بۆ چەمکە تازەکانو لە پێناو جێگیربوونیان لە بەرنامەی حیزبدا، ئەم ئەسلەشی بە بەردەوامی پاراستوە کە نوێخوازی پێویستیی بە بەستێنسازیو ڕۆشەنگەرییە و ناکرێ تەنیا لە قالبی دروشمدا بانگەشەی بۆ بکرێ.

د. قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی خەباتی ئازادیخوازانەدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە پێویستی نرخدانو

هەبوونی ئیدارەیەکی شۆڕشگێڕانە قاسملوودا واتای نەمانو تەسلیم بوونی هەبووە و هەرگیز حازر نەبووە بە بێئیمتیاز چەکی پێشمەرگە بێ دەنگ ببێ.

ناوبراو چەکی پێشمەرگایەتیی بە ئامرازی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی پێناسە کردووە تا ڕۆژی شەهیدبوونیو تەنانەت تا چرکەی کۆتایی ژیانیشی حازر نەبوو کە بە پاساوی هەبوونو درێژەی ڕەوتی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم ئامرازە بێ کەڵک بکا.

- قاسملووو خەبات:

قاسملووی ڕێبەر خەباتی چەکدارانەی بە سەرەکیترین ئامرازی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندیو هاوکات بەهێزترین پاڵنەرو هاندەری ڕێکخستنی کۆمەڵگەو گەشەی خەباتی مەدەنی لە نێو شارو لە نێو جەرگەی سیستمێکی دیکتاتۆری و جینایەتکاردا زانیوەو بە شێوەیەکی واقعبینانەش جیاوازیی خەباتی چەکدارانەی نەتەوەیەکی ژێر دەستی لەگەڵ هەڵسوکەوتی تێرۆریستیی گرووپە جۆراوجۆرە بناژۆخوازو ڕادیکاڵەکان لە جیهاندا شیکردۆتەوەو پێی لەسەر حەقانییەتی ئەم شێوە خەباتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا داگرتوە.

قاسملووی نەمر دابڕانی شۆڕشگێر لە جەماوەر و نەبوونی ستراتیژییەکی درێژخایەن بۆ خەباتی بە مەترسیی سەرەکی لەسەر تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات زانیوە لەو چوارچێوەیەشدا بەردەوام هەوڵی داوە لە ڕێگەی تێنوگوڕبەخشین بە خەبات، پێوەندیی پێشمەرگەو خەڵک لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی دوور نەکەوێتەوە کاناڵی گواستنەوەی ورەو باوەڕی شۆڕشگێڕانەی هێزی پێشمەرگە بۆخەڵکی ستەم لێکراوو وەزاڵە هاتووی کوردستان تووشی لەمپەر نەبێو ئەگەر بمانەوێ لەیەک ڕستەدا کورتی بکەینەوە لە ڕوانگەی قاسملووەوە بۆ ئەوەی لە کوردستان بێهیوایی سەر هەڵنەدا نابێ هیچکام لە شێوەکانی خەبات -هەرکام لەجێگەی خۆیدا- ڕەت بکرێنەوە.

ڕێبەری شەهیدمان، دوکتۆر قاسملوو، لە بواری هزر و ڕامانو هەروەها لە بواری پراکتیکدا چەند وانەیەکی بەنرخی داوەتە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە سەرنجپێدانیان لە قۆناغی ئێستاشدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ تێپەڕاندنی لەمپەر و قەیرانەکانی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لێرەدا هەوڵ

دەدرێ ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێ :

- قاسملووو دێموکراسی:

د. قاسملوو لە سەختترین قۆناغەکانی خەباتیشدا بەردەوام، هەبوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک و پابەندبوون بە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی لە چوارچێوەی مافەکانی ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە بنەما گرتوەو لە جێگیرکردنی کەلتووری ڕەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکانی حیزب لە زۆر بواردا بە پێچەوانەی زۆربەی ڕێبەرانی سەردەمی خۆی، دەستپێشخەری نواندوە تاکوو فۆبیای ڕەخنەگرتن لە نێو ئەندامانی حیزبدا بەرەبەرە بسردرێتەوە.

ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی سوسیالیزمی مەوجوودو هێنانەئارای چەمکی سوسیالیزمی دیموکراتیک و ڕەخنەگرتن لە غایببوونی ئازادی لە نێو وڵاتانی سەربە بلووکی ڕۆژهەڵاتدا بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن.

ناوبراو لە ڕێگەی بەستێنسازی مەعریفی بۆ چەمکە تازەکانو لە پێناو جێگیربوونیان لە بەرنامەی حیزبدا، ئەم ئەسڵەشی بە بەردەوامی پاراستوە کە نوێخوازی پێویستیی بە بەستێنسازیو ڕۆشەنگەرییە و ناکرێ تەنیا لە قالبی دروشمدا بانگەشەی بۆ بکرێ.

د. قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی خەباتی ئازادیخوازانەدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە پێویستی نرخدانو هەبوونی ئیدارەیەکی شۆڕشگێڕانە قاسملوودا واتای نەمانو تەسلیم بوونی هەبووە و هەرگیز حازر نەبووە بە بێئیمتیاز چەکی پێشمەرگە بێ دەنگ بێ.

ناوبراو چەکی پێشمەرگایەتیی بە ئامرازی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی پێناسە کردووە تا ڕۆژی شەهیدبوونیو تەنانەت تا چرکەی کۆتایی ژیانیشی حازر نەبوو کە بە پاساوی هەبوونو درێژەی ڕەوتی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم ئامرازە بێ کەڵک بکا.

- **قاسملووو خەبات:**

قاسملووی ڕێبەر خەباتی چەکدارانەی بە سەرەکیترین ئامرازی گوشار بۆ سەر دەسەلاتی ناوەندیو هاوکات بەهێزترین پاڵنەرو هاندەری ڕێکخستنی کۆمەڵگەو گەشەی خەباتی مەدەنی لە نێو شارو لە نێو جەرگەی سیستمێکی دیکتاتۆری و جینایەتکاردا زانیوەو بە شێوەیەکی واقعبینانەش جیاوازیی خەباتی چەکدارانەی نەتەوەیەکی ژێر دەستی لەگەڵ هەڵسوکەوتی تێرۆریستیی گرووپە جۆراوجۆرە بناژۆخوازو ڕادیکاڵەکان لە جیهاندا شیکردۆتەوەو پێی لەسەر حەقانییەتی ئەم شێوە خەباتە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا داگرتوە.

قاسملووی نەمر دابڕانی شۆڕشگێر لە جەماوەر و نەبوونی ستراتیژییەکی درێژخایەن بۆ خەباتی بە مەترسیی سەرەکی لەسەر تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات زانیوە لەو چوارچێوەیەشدا بەردەوام هەوڵی داوە لە ڕێگەی تێنوگوڕبەخشین بە خەبات، پێوەندیی پێشمەرگەو خەڵک لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی دوور نەکەوێتەوە کاناڵی گواستنەوەی ورەو باوەڕی شۆڕشگێڕانەی هێزی پێشمەرگە بۆخەڵکی ستەم لێکراوو وەزاڵە هاتووی کوردستان تووشی لەمپەر نەبێو ئەگەر بمانەوێ لەیەک ڕستەدا کورتی بکەینەوە لە ڕوانگەی قاسملووەوە بۆ ئەوەی لە کوردستان بێهیوایی سەر هەڵنەدا نابێ هیچکام لە شێوەکانی خەبات -هەرکام لەجێگەی خۆیدا- ڕەت بکرێنەوە.

لە ژمارە ٦١١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٣

## پیلانێک بۆ کوژاندنەوەی وشیاری نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

حەوتوونامەی "رۆژان" کە لە شاری سنەی چاپ دەکرێ لە دوایین ژمارەی خۆیدا وێرای ئاماژە پێکردن بە رووداوەکانی شەنگال و کۆبانی، هۆکاری دژایەتی رێکخراوی ترۆریستی "داعش" لەگەڵ کوردانی باشوور و رۆژئاوای کوردستانی، بۆ ئیرانی بوونی خەڵکی ئەو ناوچانە و گرێدراوی جوگرافیایی شارەکانی شەنگاڵ و کۆبانی بە خاکی ئێران زانیوە و لەو چوارچێوەیەوە هاوتەریب لەگەڵ گۆشەنیگای کلووپە یان ئیرانیستییەکانەوە سەیری کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤینی کردووە.

ئەم هەلوێستەی نووسەر و کارگێرانی ئەم حەوتوونامەیە جیاواز لەوەیکە دەریدەخا کە ئەم جۆرە بلاوکراوانە، تەنیا بە مەرجی پرۆپاگاندا و پەرەپێدان بە روانگەی ستراتێژییکی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیزنی دەرچوونیان پێ دەدرێ، هاوکات هەڵگری ئەم سیگنالەشە کە هێشتا هێندێک لە بەناو نووسەر و رووناکبیرانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرهاویشتەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و یان ئێرانیزم دەرباز نەبوونە و لە چوارچێوەی کولتووری زاڵی داگیرکارییدا قەتیس ماونەتەوە.

هەرچەند بەشێک لەو نووسینانە دەکرێ وەک پەرچەکردارێک لەهەمبەر تەوژمی شۆڤینیزمی ئازەری لە دژی کورد لەدوای پشتیوانی نێودەولەتی لە گەلی کورد لە رووداوەکانی شەنگال و کۆبانی پۆلێن بەندی بکرێ، بەلام لە راستییدا لەو قۆناخەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشن لە رێگای برەوپێدان بەو جۆرە نووسینانە لە دوو گۆشەنیگایەوە ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن.

**یەکەم**، لە ئاستی نێوخۆییدا هزر و رامانی گەلی کورد بەوە پر بکەنەوە کە لە نێو ولاتانی عێراق و سوریە و تورکیە و ئێراندا، کورد تەنیا لە چوارچێوەی ئێراندا بەهۆی نەژادی ئارياييەوە خاوەن ماف و غرووی نەتەوەییە و لە باقی ئەو ولاتانە کورد بەهۆی هاوپێوەندی نەژادی لەگەڵ ئێرانییەکان رووبەرووی ستەم و چەوسانەوە دەبێتەوە.

**دووهەم**. لە ئاستی دەرەکییدا بە لەبەرچاوگرتنی هێندێک فاکتی راست یان ناراستی مێژوویی لە نێو هەست و دەروونی تاکەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان وەها وێنا بکرێ کە بە هۆی ئارییایی بوون و ئێرانی بوونی کوردەکان، ئەم گەلە لە وڵاتانی تورکیە و عێراق و سوریە دەکەوێتە بەردەم پەلاماری تورانی و سامی ییەکان.

هەلوێستەکردن لەسەر ئەم ئامانجانەی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی پان ئێرانیست لە دەرەوەی وڵات، دەریدەخا کە عەقلییەتی خودمێحوەربینی لە نێو ئەم سیستم و کولتورەدا بووتە نەریتێکی زاڵ کە پێدەچێت تەنانەت هێندێک لە نووسەر و روناکبیرانی کوردیش تێیدا نووقم بوویێتن. ئەگینا کام قەڵەمی بەویژدان دەتوانێ دۆخی تراژدیی کوردستانی ئێران نەهێنێتە سەر کاغەز و لە جیاتی ئەوە لە پێناوی خۆش خزمەتی بۆ رێژیم، فرمێسک بۆ کورد لە پارچەکانی تری کوردستان هەڵبرێژێ و ئاواتی خستنەسەری پارچەکانی تر بۆ سەر خاکی ئێران بخوازێ.

لە کاتێکدا کە زۆرینەی چاودێرانی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ، ولاتی ئێران بە گەورەترین زیندانی ئازادیخوازان و کوشتارگای گەلانی بندەست پێناسە دەکەن، مەدحی وەها وڵاتێک لە لایەن بەشێک لە بەناو نووسەرانی و بژاردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چ واتایەک دەگەیێنێ؟! ئەگەر رەهەندەکانی ئەم کردارە خزمەتە بە گەل و نیشتمان، بۆچی لە بەرامبەر تواندنەوەی کولتووری و ئەنفالی سپی و بە ئەمنییەتی کردنی فەزای رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن رێژیم و کوشتنی رۆژانەی کۆڵبەران و گرتن و ئەشکەنجەی رۆڵەکانی گەلی کورد دەنگ هەڵنابڕن و جارێک لە جاران مۆدێلی فێدرالی لە باشووری کوردستان و خۆبەرێوەبەری لە رۆژئاوا و پەکێیجی چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە نموونە ناهێننەوە؟!

ئەم بەرێزانە ئەگەر خۆیان لە راستییەکان نەدزنەوە، دەبێ ئەو واقیعەیان دەرک پێکردبێ کە مێکانیزمی چارەسەری دۆزی کورد لە باقیی پارچەکانی کوردستان بە بەراورد لە گەڵ ئێران بەرەوپێشچوونی خێراتری بەخۆیەوە دیوە، کەچی بەداخەوە ئەمان سازێک لێدەدەن کە بە مەزاقی "تاران" خۆشە، نەک میللەتەکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# لە پەراوێزی هاتنی سەحراروودی بۆ هەرێمی کوردستان

حوزوور و بەشداربوونی مۆرەی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران ،جەعفەر سەحراروودی، لە دیدارەکانی وەفدی ئەو رێژیمە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەڵگری چەند پەیامێکی گرینگ بۆ کورد لە ٢ پارچەی رۆژهەلات و باشووری کوردستانە.

لە پێوەندی لەگەڵ باشووری کوردستان ،رێژیمی ئێران بە ئانقەست بە بەشداری پێکردن بە سەحراروودی ئەو سیگنالە دووبارەیەی بۆ کاربەدەستانی کورد لە هەرێم ناردەوە کە ئەزموون و ستاتۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە روانگەی ئێرانەوە فەرمییەتی نییە و لە تەعامول لەگەڵیدا زیاتر کەسایەتییە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی رێژیم پێوەندییە دیپلۆماسییەکان لە باشووری کوردستان هیدایەت دەکەن.

لە لایەکی تر، کاربەدەستانی ئێرانی بە هۆی ئاشنایەتی لە مێژینە لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، تێدەکۆشن بە هێنانە کایەی مۆرە تێرۆریست و ئەمنییەتیەکانی خۆیان لە رووداوو و هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان،بەردەوام ترس لە ئۆختاپووسی سپای قدس و وەزارەتی ئیتلاعات لە زەینی سەرکردەکانی باشوور زیندوو رابگرن و لە کاتی پێویست لەو فۆبیایە وەکوو کارتی گوشار لە بەرامبەر هەرێمدا کەڵک وەرگرن.

ئامانجێکی تری رێژیمی ئێران تێکدانی هەستی هاوسۆزی و هاوهەلوێستی نەتەوەیی لە نێوان کوردانی رۆژهەلات و باشووری کوردستانە،حوزووری بکوژی یەکێک لە گەورەترین رێبەرانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان واتە دوکتور قاسملوو و بەشداری وەها تێرۆریستێک لە تەشریفات و تەعاروفاتی دیپلۆماتیک کە هەر حکوومەتێک یەک لەوانیش حکوومەتی هەرێم وەک عورفی دیپلۆماسی پێرەوییان لێدەکا،هاندەری تەریک کەوتنەوەی ٢ پارچەی کوردستان لە یەکترە کە رێژیمی ئێران لە بەرێوە بردنی ئەم جۆرە شانۆ و پیلانانە خاوەن ئەزموونێکی دوورو درێژە. لە واقیعدا کۆماری ئیسلامی لە تێزی رووشاندی هەستی کوردایەتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە

ڕێگای تێوەگلاندنی پارچەکانی تری کوردستان لەو جۆرە سێناریۆیانە خاوەن بەرنامە و پلانێکی درێژخایەنە.

بەلام لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕێژیمی ئێران بە دەرخستنی سیمایەکی ڕەش و قێزەونی خۆی لە روانگەی خەلکی ڕۆژهەلاتەوە ،واتە سەحراروودی ڕووی ئەسلی لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانە. بەو مانایە کە هەول دەدا هەم حیزبی دێموکرات و هەمیش باقیی لایەنەکان لەوە ئاگادار بکاتەوە کە چارەنووسیان لە داهاتوودا لە خاکی هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە خاکی عێراق،لە گرەوی چۆنێتی تەوافقی کاربەدەستانی باشوور و مۆرە نیزامی و ئیتلاعاتییەکانی ئێران دایە.

ئەگەر ئەم گریمانەیە بە هێند وەربگرین، پێویستە لە ئێستاوە پارتەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی خۆیان بۆ ئەم پیلان و شەرە ڕەوانی و مەترسیدار لە داهاتوودا ئامادە بکەن. لە ڕاستییدا فۆرمولێکی سادە لەبەردەم حیزبی دێموکرات دا هەیە،ئەویش بریتییە لە هەولدان بۆ چالاک بوونەوەی زیاتر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و حوزووری ڕاستەقینە نەک مەجازی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

هاوکێشەیەکی سادە لەو نێوەدا دەردەکەوێ کە ئەویش بریتییە لەوە کە بەهێزبوونی حیزبی دێموکرات واتا بەهێز بوونی باشووری کوردستان و فاکتەرێک بۆ ڕێگری لە بەهێزبوونی هێژموونی ئێران بەسەریدا و ڕەواندنەوەی ترس و فۆبیایەک کە لەهەمبەر ئێران دا لە نێو کاربەدەستانی باشووردا دەبیندرێ.

مێکانیزمی بەهێزبوونی حیزبی دێموکراتیش تەنیا و تەنیا لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان و مودیرییەت کردنی پتانسییەلە ئینسانی و مادییەکانی ڕۆژهەلات واتا پەیدا دەکا و دەدۆزرێتەوە.لە قۆناغی هەنووکەییشدا پێکهاتنی هێزێکی شۆرشگێر لە کەسانی نیشتمانپەروەر بە نێوی "پارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان" لە نێوخۆی ولات دەرفەتێکی زێرینی خستۆتە بەردەم حیزبی دێموکرات کە لەو کانالەوە بەهێزی خۆی و تواناکانی لە پاشەکشە پێکردن بە پیلان و سێناریۆ مەترسیدارەکانی کۆماری ئیسلامی بسەلمێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## پارێزەرانی رۆژهەڵات لە بەردەم ئەزموونێکی نوێ دا

لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلانی بندەست دا شێوازی جۆراوجۆری خەبات دژی ستەم و داگیرکاریی کەڵکی لێوەرگیراوە و هەر گەلێک بە پێی جۆری دەسەلاتداریی نەتەوەی باڵادەست و ئاستی توندوتیژیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا لە لایەن دەسلاتی ناوەندییەوە،شێوازی خەباتی نەتەوایەیی خۆی دەستنیشان کردووە.

بۆ وێنە هێندییەکان یان رەش پێستەکان لە ئافریقای باشوور و ئامریکا زیاتر لە خەباتی مەدەنی بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵکیان وەرگرتووە. لە هێندێک نمونەشدا وەک ئیرلەندی باکوور یان باسک لە ئیسپانیا هەم لە خەباتی مەدەنی و تەنانەت خەباتی پارلمانی و هەمیش لە خەباتی چەکداری بە شێوەی نهێنی کەڵک وەرگیراوە. وەکوو نموونەیەکی هەرە نیزیک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش شیوازی خەبای کوردەکان لە تورکیە هەم لە خەباتی مەدەنی و پارلمانی دا و هاوکاتیش لە خەباتی پارتیزانی دا خۆی دەردەخا.

بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەک بەهۆی زاڵێتی دەسەلاتێکی تۆتالیتێر و ئیدئۆلۆژیک وەک کۆماری ئیسلامی ئێران دەرەتانی خەباتی مەدەنی و پارلمانی بوونی نییە و لە لایەکی تریش بە هۆی دۆخی نادڵخواز و سەپاو بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دا، دەرفەتی خەباتی چەکداری بە شێوەی ئاشکرا و پارتیزانیش بەر تەسک بوونەوەی بەخۆیەوە دیوە، کە ئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەم بەشەی کوردستان جێهێشتووە.

هەڵقولانی گروپێکی نهێنی چەکدار لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کاردستان بە ناوی "پارێزەرانی رۆژهەڵات" لە قۆناخی هەنووکەیدا زەروورەتێکی مێژوویی بوو بۆ سرینەوەی بێ هیوایی لە هزری تاکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و زیندوو هێشتنەوەی هەستی باوەڕ بەخۆ بوون لە ناخی شۆرشگێرانی ئەم پارچەیەی کوردستاندا.

ئەگەر بمانهەوێ بەراوردێک لە نێوان گرووپی پارێزەرانی رۆژهەڵات لەگەڵ ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند یان رێکخراوی "ئێتا" لە هەرێمی باسک لە ئیسپانیا بکەین، پێویستە بگوترێ کە گرووپی پارێزەرانی رۆژهەڵات بە

پێچەوانەی ئەم دوو ڕێکخراوەی ئاماژەیان پێکرا، هەر لە سەرەتای دامەزرانی خۆی دا راشکاوانە رایگەیاندووە کە ئامانجی ئەم گرووپە تەنیا بە سزا گەیاندنی مۆرە و بەکرێگیراوانی رێژیم و بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان و هەروەها هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی پێویستە و هەر چەشنە کردەوەیەکی نیزامی کە کەسانی مەدەنی و بێ تاوان تێیدا ببنە قوربانی دوورە لە ئەخلاقی شۆرشگێرانە و پرەنسیپەکانی ئەم گرووپە و لە دژی رادەوەستن.

گرووپی پارێزەرانی رۆژهەلات بە دەرک کردن بەو راستییە کە مەیدانی ئەسڵی خەبات و تێکۆشانی رۆڵەکانی کورد لەو بەشە لە کوردستان، رۆژهەلاتە هاتۆتە ئاراوە و هەر بەو پێیەش کۆکردنەوە و مۆبیلیزە کردنی وزە و تواناییەکانی لاوان و ژنانی دلسۆز و فیداکار لە نێوخۆی وڵاتی کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی.

شایانی باسە سازدانی شانەگەلێکی نهێنی چەکدار لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان و هاوکات بەیەکەوە گرێدانی ئۆرگانیکی ئەم هەستانە وەک یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی بەرێوەبەرانی ئەم گرووپە دێتە ئەژمار. بوونی ئەم هەستانە وەلامدانەوەدانەوەیەکی لۆژیکییە بە هەوڵەکانی رێژیم بۆ میلیتاریزەکردنی رۆژبەرۆژ زیاتری رۆژهەلاتی کوردستان و هاوکاتیش پووچەڵکەرەوەی زۆرێک لە پیلانەکانی رێژیمە بەرامبەر بە لاوان، ژنان، کۆلبەرانی سەر سنوور و تەنانەت زیندانیانی سیاسی نێو گرتووخانەکان.

بێ گومان بەرێوەبەرانی گرووپی پارێزەرانی رۆژهەلات بە ئەزموون وەرگرتن لە کەموکورییەکانی رابردووی ئەم شێوە خەباتە لە رۆژهەلاتی کوردستان وەک ئەزموونی "هێزی بەرگریی" لە دەیەی شەست دا و دواتر سازدانی شانەی نهێنی چەکدار بە شێوەی لێکدابراو و ناهەماهەنگ لە دەیەی حەفتادا، تێدەکۆشن کە مۆدێلێکی سەرکەوتوو و کەم تێچوو و هاوکات بەنرخ  لە خەبات و تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات نەهادینە بکەن.

گرووپی پارێزەرانی رۆژهەلات گەڕاندنەوەی خەسڵەتە شۆرشگێرییەکان لە نێوئاخنی تاکی کورد و شوناس بەخشینەوە بە بەهاکانی خەبات و تێکۆشان لە رۆژهەلاتی کوردستانی کردۆتە رێبازی گشتی خۆی و لەو چوارچێوەیەدا هاوتەریب لەگەڵ بەهاکانی بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کورد هەنگاو دەنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ١٨ی فێبریوێری ٢٠١٥

# بەهاری کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

ئاور لە خۆبەردانی لاوێکی تونسی نەک تەنیا ئەو وڵاتە، بەڵکوو باکووری ئافریقای و رۆژهەڵاتی ناڤینیشی هەژاند. لە راستی دا ڕاچڵەکانی کۆمەڵگا بە هۆی رووداوێکی دڵهەژێن لە زانستی کۆمەڵناسی دا خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و لە رەهەندی جیاوازەوە تەفسیر کراوە. خۆسووتاندنی لاوە تونسی یەکە کە بە چرکەساتی دەسپێکی "بەهاری عەرەبی" ئەژمار دەکرێ، وێکچوونی لە گەڵ رووداوی دڵتەزێنی خۆکوژیی "فەریناز خوسرەوانی" لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیەو دەکرێ هەژانی شاری مهابادو ئەگەری تەشەنەسەندنی ئەم خۆپێشاندانانەو بەرین بوونی بازنەی نارەزایەتییەکان لە داهاتوودا بە دەسپێکی "بەهاری کوردی" لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە قەڵەم بدەین.

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا زۆر جار رووداوی خۆکوژی تەنانەت بە ئاشکراو لە بەرچاوی خەڵک و لە سەر شەقامەکانی "ئێران" روویانداوەو سەرەڕای بە میدیایی کردنیان لە لایەن "ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی" یەوە هیچکامیان نەبوونەتە هۆکارێک بۆ ڕاچڵەکانی کۆمەڵگای "ئێران" و دەسپێکی "بەهاری ئێرانی" لەم وڵاتەدا. بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بوونی بەستێنی لەبارو ئەزموونی مێژوویی لەو بارەوەوە و بە هۆی رووداوی خۆکوژیی "فەریناز خوسرەوانی" ئەگەری ئەوە هەیە کە بەهارێ کورد لەم بەشە لە کوردستان سەرهەڵبدات.

ئاشکرایە کە ژیلەمۆی دانەمرکاوی ئاگری رق و قینی جەماوەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەستی پەنگخواردووی تۆڵەی جەماوەری کە پتر لە سێ دەیەیە ئەم خەڵکە پێوەی دەتلێتەوە، وایکردوە کە لە هەر دەرفەتێک دا ڕاپەڕین و سەرهەڵدان رۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە و راسانی جەماوەری بەرانبەر بە کۆماری سێدارەی ئیسلامی لە شارو بگرە شاخیش بێتە ئاراوە و زایەڵەی ئەم بەهارە کوردییە لە نێو باقیی گەلانی ئێرانیش دا دەنگدانەوەی ببێ و شەپۆلی رووخانی رێژیمە دیکتاتۆرو دژەگەلییەکان، رێژیمی کۆماری ئیسلامیش مەحکووم بە نەمان بکات.

حاشاهەڵنەگرە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هەوڵی بەردەوامی ئەوە بووە کە لە رێگای

پەرەپێـدان بە قەیـرانە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـان وەک هەژاری، بێکـاری، گیرۆدەکردنـی لاوان بە مـادده هۆشبەرەکان و برەودان بە فەحشا، کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئەتۆمیزە بکات و هەستی هاوپێوەندی و هاوهەڵوێستی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا نەهێڵێ. بەڵام ئەم پیلانە ڕەوانییە دژ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە و ڕاسانی ئەم جاری خەڵکی شاری مهاباد وەک زەنگێکی مەترسیدار بۆ ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیم لەم شارەئەژمار دەکرێ و هەر بۆیەش ئێستا کە هەوڵی دام و دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ ئەوە چڕ کراوەتەوە کە پێش بە "بەهاری کوردی" لە ئێران بگرن.
سیمبولی ئەم بەهارە کچێکی کوردە کە خۆکوژییەکەی هێمایەکە بۆ دژایەتی سیستمێک بە ناوی "کۆماری ئیسلامی" کە لە گوتاری زاڵ بە سەر ئەم سیستمەدا؛ ژنکوژی، پیاوسالاری و هەڵاواردن بۆتە نەریت و بەها. "فەریناز" بە کوشتنی خۆی ژیان و شەرافەتی بۆ گەڵەکەی کردە دیاری و هەوێنێک بۆ دەسپێکی ئەگەری "بەهاری کوردی" بۆنیشتمانە داگیرکراوەکی دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥

---

## بەرەو قۆناغێکی نوێی خەبات و تێکۆشان

مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێڕەوی نەریتی ڕاپەرینە ناوچەییەکانی پێشوو بەرەو ئاقارێکی نەتەوەیی هەنگاوی ناو ئەمەش بە خاڵی وەرچەرخانی خەبات لەم بەشە لە کوردستان ئەژمار دەکرێ، خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگایەتی حیزبێک کە بەرنامەو پێڕەوێکی سەردەمیانەی ڕەچاو کردووە لە ماوەی ٧ دەیەی ڕابردوودا کلتوورێکی جیاوازی لە ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان هێناوەتە ئاراوە کە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە:

- شۆرشگێرانی دێموکرات ڕێبازی خۆنەویستییان لە پێشەوای کۆماری کوردستان بە میرات بۆ ماوەتەوەو هەر لەو چوارچێوەیەشدا لە قۆناخە هەستیارەکاندا بە کەمڕەنگکردنی خەباتی خۆیان، تێکۆشاون خەباتی گەلی کورد لە

پارچەیەکیتر تووشی گرفت و ئاستەنگ نەکەن، ئەگەرچی ئەم هەڵوێستە نەتەوەییە لەلایەن لایەنەکانی پارچەکانیتر وەکوو پێویست بەهێند وەرنەگیراوە، بەڵام لە راستیدا ئەگەر ئەم جۆرە بەهاو هەڵوێستە نەتەوەییانە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕەچاو نەگیرابا، چارەنووسی باشووری کوردستان بە ئاقارێکی نادیاردا تێدەپەڕێ.

لە راستیدا نزیک بە ٢ دەیەیە کە تێکۆشەرانی دێموکرات لە پێناوی سەقامگیریی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەباتی چەکدارییان وەکک یەکێک لە شێوەکانی خەبات خستۆتە پەراوێزەوەو ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بە مارژینال کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە رووداوەکانی ناوچەدا جێهێشتوە.

لە ماوەی ئەم ٢ دەیەیە کۆماری ئیسلامی ئێران بە قۆستنەوەی ئەم بۆشاییەو سازدانی دەیان سێناریۆی جیاواز هەوڵی داوە کە یەکەم، هەبوونی کێشەی کورد لە ئێران و پێویستی چارەسەری ئەم دۆزە دیزە بە دەرخۆنە بکاو دووهەم، بە هەر شێوەیەک بێ لە پەیوەست بوونی کۆمەڵگەی کوردستان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات ڕێگری بکا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم مەسەلانەو پەیوەست بەو مێحوەربەندییە ناوچەییەی ئەم چەند ساڵەی رابردوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خەسارناسی قۆناغی رابردوو خۆی بە بەرپرس دەزانێ کە بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی رێژیم و بەرتەسک کردنی بازنەی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەدا بە گرۆتینێکی تازەوە لە هاوکێشە سیاسی و چەکدارییەکانی ناوچەدا ڕۆڵ بگێڕێ. ڕۆڵێک کە بەتایبەتی لە کەیسی " فەریناز خۆسرەوانی"دا گرینگی و بایەخەکەی هەم بۆ کۆمەڵگەی کوردی و هەمیش بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات زۆرتر روون بۆوە.

خرۆشانی جەماوەری خەڵک لە کەیسی فەرینازدا سەلماندییەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی بۆ چەواشەکردنی رای گشتی کوردستان و بە مارژینالکردنی حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی گەلی کوردەوە هەر میوانە رەزاگرانەکەی ساڵانی ١٣٥٧و ١٣٥٨ی هەتاوییە.

لەو چوارچێوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە ئەرکدار دەزانێ کە لە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕو پێشهاتێکدا پشتیوان و پاڵپشتی جەماوەر بێو حوزووری فیزیکی کادرو پێشمەرگەکانی لە سنوورەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی

کوردستان بە دەستپێکی گرێدانی خەباتی شاخو شار لە قەڵەم دەدا.

ئەمڕۆکە چیای "هەڵگورد" وەکوو سیمبۆلو هێمای بووژانەوەی خەبات سەیر دەکرێ، لاوانی ئارمانجخوازو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوونی پێشمەرگەی دێموکرات لە سنووره دەستکردەکەی باشوورو ڕۆژهەڵات بە سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتو تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەسف دەکەن، هەر بەو پێیە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپێی چاوەڕوانی جەماوەرو ڕەساڵەتی مێژوویی سەرشانی هەوڵ دەدا پتر لە جاران خەباتو تێکۆشانی سێ کوچکەی خەڵک، پێشمەرگە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات هاوتەریب بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٥

## کۆماری کوردستان مۆدێلێک بۆ هەموو سەردەمەکان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لەنزیک بە ٧ دەیە پێش ئێستا، بە درەوشاوەترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی خەباتی ڕزگاریی خوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەژمار دەکرێ و تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدێلە لە دەسەلاتداریی کورد هەتا ئێستاش جێگای هەلوێستە لەسەر کردنە. لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە تاکوو هەنووکەش کۆماری کوردستان بە نوێنگەی هاوپێوەندی میللی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورە و هێمایەک بۆ هاوخەباتی و هاوچارەنووسی نەتەوەی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لەقەلەم دەدرێ. ئەزموونی کۆماری کوردستان وانەیەکە بۆ سەلماندنی پێوەندی ئۆرگانیکی پارچەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر و لێک گرێدراویی چارەنووسی پرسی کوردان بە یەکترەوە. وانەیەک کە لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی هەوڵ و پیلانی بەردەوامی داگیرکەرانی کوردستان بۆ لێکدابڕانی پارچەکانی کوردستان لە یەکتر و بە میکانیکی کردنی پێوەندی نێوان بەشەکانی کوردستان لە پەراوێز خراوە. ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری کوردستان ستاتۆیەکی مۆدێرن بوو کە تێیدا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان وەک پیرۆزییەکی میللی سەیریان دەکرد و ڕاستەوخۆش لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتەکانی تێدەکۆشان، تەنانەت لە چوارچێوەی جوغرافییای کۆماریشدا هیچکات کوردی پارچەکانی تر وەک

میوان یان پەنابەر لەقەلەم نەدەدران، بەلکوو لە بەڕێوەبەری سیستمی ئیداری و نیزامی کۆماریشدا بەشدارییان پێدەکرا. لە نێوئاخنی سەجەم بەڵگەنامە فەرمییەکان و بلاوکراوەکانی کۆماری کوردستاندا، هزری نەتەوەیی و هاوخەباتی و هاوپێوەندی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورە دا بڕەوی پێدراوە و ئەم ئەسڵە سەرەکییە وەکوو بەهایەکی نەتەوەیی هەرگیز قوربانی مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی کۆمار نەکراوە. وانەیەکی تری ئەزموونی کۆماری کوردستان لە چۆنێتی دامەزراندنی دا خۆی دەردەخا. لە ڕاستییدا ڕاگەیاندنی کۆمار بەرهەمی گرێدانی هەلومەرجی ناوچەیی و هاوکات هۆشیاریی و ئاوەزمەندی ڕێبەرانی کۆمار و لە سەرووی هەمووان، پێشەوای نەمر، قازی محەممەد، بوو. حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری کوردستان لە ئاکامی پێداگریی ودەستپێشخەریی پێشەوای مەزن دا هاتە ئاراوە و لەو ڕێگایەوە وەکوو ئەمری واقع لە لایەن حکوومەتی میللی ئازەربایجان و یەکییەتی سۆڤییەتەوە بە فەرمی ناسرا. بە واتایەکی تر لەو قۆناخەدا بژاردەی کورد بە گشتی و پێشەوای نەمر بە تایبەتی، چیتر وەکوو بینەر و فاکتەرێکی بێ هەڵوێست مامەڵەیان لەگەڵ ڕوداوەکاندا نەکرد و بە پێچەوانە وەک ئەکتەرێکی خاوەن پلان و ئامانج لە وزە و پتانسێلی نەتەوەکەیان کەڵکیان وەرگرت. لە فەرهەنگی سیاسی پێشوا قازی محەممەد و بژاردە و ڕوناکبیرانی سەردەمی کۆماردا، پاشکۆبوون واتای خۆی لەدەست دەدا و ئەمجارە کەسایەتی کورد ئەسلی سەربەخۆیی بڕیاردان دەکاتە ڕێبازی خەبات. بەو پێیە کۆماری کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دا ئامادەکاری بۆ دەکرا و دواتر لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە بەستێن سازی بۆ کرا. بەڵام لە قۆناخی هەنووکەیشدا چارەسەری گرفت و ئاریشەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە گرەوی گەڕانەوە بۆ نۆرم و بەهاکانی کۆماری کوردستان و وانەکانی ئەو ئەزموونە درەوشاوەیەدا دەدۆزرێتەوە. لە قامووسی کۆمار دا، پاوانخوازی و هێژمۆنی تەڵەبی لایەنێک یان بیرۆکەیەک واتای نەبوو. "پارچەگەرای"ی و لە ئاستێکی بچووکتر "ناوچەگەرایی" بوونی نەبوو، تاکرەویی و خۆسەپاندن بێ واتا بوو، بەڵکوو ئەوەی بایەخی پێدەدرا بریتی بوو لە گەشە پێدان بە ناسیونالیزمی کوردی بە مانا گشتگیرەکەی، ئەرزشێک کە ئێستا تا ڕادەیەک نامۆیە بە خەباتی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٥

# هێزی پێشمەرگە و دیفاعی چەکداریی

خەباتی سیاسی و چەکداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناغگەلێکی جیاوازدا تێپەڕیوە. لە ماوەی چەند ساڵی رابردووشدا شێوازێکی نوێ لە حزووری فیزیکی کادر و پێشمەرگە ڕەچاو کراوە کە لە گۆشەنیگای خەڵکی کوردستانەوە بە هێند وەرگیراوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات بە حزوورو مانەوە لە باوەشی کۆمەڵگەدا، هەوڵیان داوە کە ببنە تەرجومەی ئوسلوب و پرۆژەکانی حیزبەکەیان و لەم پێناوەشدا تێچوویەکی بەنرخیان پێشکەش بە نەتەوەو نیشتمان کردوە.

لەماوەی ساڵانی پێشوودا شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری، محەممە نەدیمی، شێخ غەریبی حەسەنی، بێهروز ڕەزانژاد، هەژار قاسمی و ڕەسووڵ لیلانەیی لە ڕێگەی تۆمارکردنی پلەی بەرزی شەهادەت و نەمری، کارنامەیەکی پڕ لە سەروەریی و شانازییان خوڵقاند و بوونە هەوێنی خۆڕاگری و هیوا لەنێو جەرگەی کۆمەڵگەدا.

پێشمەرگەی دێموکرات لە ڕێگەی حزووری فیزیکی لە وڵاتدا لە مکانیزمێک کەڵک وەردەگرێ کە تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە ڕوانگەی گەلانی ژێردەستەوە بە گونجاوترین شێوازی خەبات ئەژمار دەکرێ، کە ئەویش بریتییە لە دیفاعی ڕەوای چەکداری.

روون و ئاشکرایە کە تاکوو ئەو ساتەی گوتاری زاڵی دەسەڵاتی ناوەندی لە کوردستان "سەرکووت و داپلۆسێن" بێ، وەڵامی تێکۆشانی دێموکڕات بە ناچاریش بێ لە بازنەی دیفاعی چەکداریی دا خۆی دەبینێتەوە.

سەرکوتی بێ بەزەیانەی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە جەریانی کەیسی فەریناز خوسرەوانی، کوشتاری سستماتیکی کۆڵبەرانی سەر سنوور، ئیعدام و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە کایان کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، دەرخەری ئەو راستیەیە کە رژیم هیچ چیشنە ئالتێرناتیڤێکی بۆ خەبات و تێکۆشان جگە لە خەباتی چیکداریی لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهێشتۆتەوە. کاتێک دەسەڵاتی ناوەندی لە مەڕ چارەسەری پرسی کورد بێ پرۆژەیە و هاوکات بەها ئەخلاقییەکان لە لای کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ کەمڕەنگتر دەبێتەوە، سرووشتیە کە خەباتگێرتانی دێموکڕات وەکوو خەسلەتێکی شۆڕشگێڕانە لە دژی پیلان و سیناریۆپی قێزەونەکانی ڕێژیم لە شێوازی حوزووری چەکداری بۆ بەرپەرچدانەوە کەڵک وەرگرن.

لە فەزایەک دا کە پرۆسەی دارمانی ئەرزش و بەهاکان لە لایان دەسەڵاتی داگیرکەرەوە دەست پێدەکا و دەرگای متمانەکردن پێی دادەخرێ، ئیتر هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە خۆی بە پارێزەری ئوسلوبە شۆڕشگێڕییەکان لە کۆمەڵگا دا پێناسە دەکا، دیفاعی چەکدارانە دەکاتە ستراتیژ و وەکوو ئەکتەرێکی چالاک کە جێی پەنجەی بە سەر ڕووداوەکان دا دیار بێ، مامەڵە لەگەڵ کەش و هەوای زاڵ بەسەر کوردستان دا دەکا.

خەبات و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی بەرچاو لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرخەری سەرنج پێدانی ئەم حیزبە بە زەینییەت و سایکۆلۆژی خەڵکی کوردستانە و خەباتگێڕانی دێموکڕات کە پێناوی پشتیوانی لە خەڵک و وەدیهێنانی ئیدارەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تێکۆشان بەردەوامن.

هێزێک کە چ لە ئاستی گوتار دا و چ لە ئاستی کردەوەدا خۆی بە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕ پێناسە بکا و هەڵگری هەگبەیەکی پڕ لە فیداکاریی و خۆنەویستی ئەندام و پێشمەرگەکانی بێ، هەنووکەش پتر لە هەموو کاتێک خۆی بە بەرپرس وەڵامدار بە کۆمەڵگا دەزانێ و لەم سۆنگەیەوە لە خەبات و تێکۆشان تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی ناوەستێت و پێوەندیی ئورگانێکی خۆی لەگەڵ خەڵک ناپچڕێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



ئەگەر بمانهەوێ بەراوردێک لە نێوان گرووپی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند یان ڕێکخراوی "ئێتا" لە هەرێمی باسک لە ئیسپانیا بکەین، پێویستە بگوترێ کە گرووپی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات بە پێچەوانەی ئەم دوو ڕێکخراوەی ئاماژەیان پێکرا، هەر لە سەرەتای دامەرزرانی خۆی دا ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە ئامانجی ئەم گرووپە تەنیا بە سزا گەیاندنی مۆرە و بەکرێگیراوانی ڕێژیم و بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان و هەروەها هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی پێویستە و هەر چەشنە کردەوەیەکی نیزامی کە کەسانی مەدەنی و بێ تاوان تێیدا ببنە قوربانی دوورە لە ئەخلاقی شۆرشگێرانە و پرەنسیپەکانی ئەم گرووپە و لە دژی ڕادەوەستن.

گرووپی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات بە دەرک کردن بەو ڕاستییە کە مەیدانی ئەسڵی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشە لە کوردستان، ڕۆژهەڵاتە هاتۆتە ئاراوە و هەر بەو پێیەش کۆکردنەوە و مۆبیلیزە کردنی وزە و توانایییەکانی لاوان و ژنانی دلسۆز و فیداکار لە نێوخۆی وڵاتی کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی.

**سامان فەقێ نەبی**

-----------------------------------------------------------

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێکەوتی: جووزەردانی ۲۷۱۸ی کوردی - جوونی ۲۰۱۸ی زایینی**